# ململانێ تیۆرییەکانی نێوان حیزبی شیوعی و حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست لە عێراق لە ژێر ڕۆشنایی کێبڕکێ فیکریی و ئایدۆلۆژییەکان

د.سۆزان کەریم مستەفا*　　　　ژیلوان لطیف یارأحمد**

وشە کلیلییەکان: حیزبی شیوعی، حیزبی بەعس، کۆمۆنیزم، سۆسیالیزم، ناسیۆنالیزم، مافی چارەنووس
https://doi.org/10.31271/jopss.10096

**پوختە**

حیزبی شیوعی عێراق؛ وەك ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی و نوێنەرایەتی ڕەوتی چەپ و گوتاری مارکسییتەکانی عێراق لەبەرانبەر حیزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی کە خۆی بە بریکاری بیری ناسیۆنالیستی پان عەرەبی دەزانی، لە چوارچێوەی ئەو گوتارە دژ بەیەکەدا بوونە دیارترین ئەو ڕێکخراوە سیاسییانەی کە بۆ ماوەی نیو سەدە زۆرترین کاریگەرییان لە نێو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەبووە، لەسەرەتای دامەزراندنیان و لە قۆناغەکانی حکومی پاشایەتی و کۆماریدا کێبڕکێییەکی سیاسیی، فیکری و ئایدۆلۆژیی لە نێوانیاندا پەرەیگرتووە، بەجۆرێك لە چەندین قۆناغدا ئەم کێبڕکێیانە گەیشتووەتە ئاستی ململانێیەکی خوێناویی، ئەم توێژینەوەیە کار بۆ خستنەڕووی گرنگترین ئەو جیاوازییە ئایدۆلۆژیانەی نێوانیان دەکات، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی ڕێکخراوەیی و مانۆڕی سیاسیی هەردوولا هەبووە، لەم نێوەندەدا بنەماکانی ئینتەرناسیۆنالیزم لە ڕێگەی ماکە پێکهێنەرەکانی وەك سۆسیالیزم، کۆمۆنیزم و ئایدیالیزم بووەتە بنەما بۆ دەستنیشانکردنی چۆنێتی کێبڕکێکانیان، لەم سۆنگەیەوە تایبەتمەندنی و جیاوازییە کۆمۆنیزمی و نەتەوەییەکانیان لە پاڵ بیرۆکەی سۆسیالیزم و سۆسیال ناسیۆنالیزم و ڕووانگەیان لەبارەی ئایینەوە دەخاتەڕوو، لە کاتێکدا سەرنجەکانیان لەبارەی ئازادیی و هەڵوێستیان لەبارەی چارەنووسی پێکهاتە نەتەوەییەکان دەستنیشان دەکات، پاشان بە نیشاندانی جاوازییەکانیان لەبارەی ویستی دەسەڵاتخوازیی وەك بنەمای ناکۆکیی نەبڕاوەیان شیدەکاتەوە.

* پرۆفیسۆر لە بەشی بەشی مێژوو/کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی
suzan.mustafa@unicvsul.edu.iq

** مامۆستای یاریدەدەر لە کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
zhilwan.yarahmed@spu.edu.iq

**ملخص**

**الصراعات النظرية بين الحزب الشيوعي وحزب البعث العربي الاشتراكي في العراق في ظل الخلافات الفكرية والعقائدية**

الحزب الشيوعي العراقي؛ كمنظمة شيوعية وممثل لحركة اليسار العراقي والخطاب الماركسي، عارض حزب البعث العربي الاشتراكي، الذي اعتبر نفسه وكيل الفكر القومي العربي، ضمن هذا الخطاب المتضارب، أصبحت أبرز المنظمات السياسية التي كان لها التأثير الأكبر في العملية السياسية العراقية على مدى نصف قرن، منذ قيام النظام الملكي والجمهورية، تطورت المنافسة السياسية والفكرية والأيديولوجية بينهما، تحاول هذه الدراسة إبراز أهم الاختلافات الأيديولوجية بينهما والتي كان لها تأثير مباشر على الحياة التنظيمية والمناورات السياسية لكلا الجانبين، وفي الوقت نفسه، أصبحت مبادئ الأممية من خلال عواملها المكونة مثل الاشتراكية والشيوعية والمثالية أساسًا لتحديد كيفية تنافسهم، في هذا الصدد، خصائصهم الشيوعية والقومية واختلافاتهم مع أفكار الاشتراكية والقومية الاجتماعية وآرائهم حول الدين، أثناء عرض وجهات نظرهم حول الحرية ومواقفهم من مصير المجتمعات العرقية، يشرح بعد ذلك خلافاتهم حول إرادة الاستبداد كأساس لنزاعهم الذي لا ينفصم.

**Abstract**

**Theoretical Conflicts between the Communist Party and the Arab Socialist Baath Party in Iraq In Light of Intellectual and Ideological Differences**

The Iraqi Communist Party, as a communist organization and representative of the Iraqi left movement and Marxist discourse, opposed the Arab Socialist Ba'ath Party, which considered itself the agent of pan-Arab nationalist thought Within this conflicting discourse, the most prominent political organizations that have had the most influence in the Iraqi political process for half a century have become. Since the establishment of the monarchy and the republic, political, intellectual and ideological competition has developed between them, so that in several stages these competitions have reached the level of bloody conflict. This study attempts to highlight the most important ideological differences between them The principles of internationalism through its constituent factors such as socialism, communism and idealism have become the basis for determining how they compete. In this regard, it presents their communist and national characteristics and differences alongside the ideas of socialism and social nationalism and their views on religion, while presenting their views on freedom and their position on the fate of ethnic communities.

## بەرایی

(حیزبی شیوعی عێراق - حشع) لەسەر بنەمای تیۆرییە کلاسیکییەکەی مارکس و ژێدەرەکانی "مانیفێستی کۆمۆنیزم" پایەدار بووە، کە وەک ئایدۆلۆژیاییەکی نێو نەتەوەیی، بە ئامانجی بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیزمی یەکسان و دادپەروەر، چەوسانەوە و قۆرغکاریی جیهانی سەرمایەداری ڕەتدەکاتەوە، پاشان تێدەکۆشێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی موڵکایەتی تایبەت و گۆڕینی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بۆ خاوەندارێتی گشتی، دواتر سازدانی ئابووریی نوێ بە ڕابەرایەتی چینی کرێکار ( فرح، ١٩٧٤: ١٠١)، لەم ڕووانگەیەوە (حشع) بە سوود وەرگرتن لە تیۆری مارکس - لینینی، نوێنەرایەتی بزاڤە مارکسییەکەی کۆمەڵگەی عێراقیی کردووە، لەو ڕێگەیەشەوە لە ململانێی فرە لایەن لەگەڵ هێزە سیاسییەکاندا بەشداربووە.

حیزبی بەعس؛ خۆی بە نمایندەی بزاڤی ناسیۆنالیزم و میراتگری نەتەوەیی عەرەبی ناساند بوو، سەرچاوەی پێڕەوە سیاسییەکەی لەسەر ئەندێشەی فیکریی "میشێل عەفلەق" داڕشتووە[1]، بەڵام تێزەکانی بە شێوەیەکی دیالێکتیکی ڕێکنەخراون، زیاتر لەژێر کاریگەری سۆزی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی و فشاری ڕووداوەکاندا داتاشراون، (عبدولعەزیز، ٢٠٠٠: ١١)، بەڵام لە نێو بونیادە کولتووریی بەعسدا چەند بنەمایەک بۆ گەشەپێدانی ناسیۆنالیزم هەن، لە نێویاندا ڕۆڵی ئیسلام وەک پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆحی، کە شوێنەوارێکی گەورەی لە ڕابردووی نەتەوەی عەرەب جێهێشتووە (عزالدین، ١٩٦٧: ٨-١٤)، هەروەها گۆڕانکارییەکانی ئەوروپا لە سەدەی نۆزدەیەم و دەرکەوتنی سۆسیالیزم، کە لە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوە ستەملێکراوەکاندا بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتی کاریگەری هەبوو، پاشانیش پەرەگرتنی هەستی نەتەوەی عەرەب، کە بەعسیزم خۆی بە میراتگر و سەلمێنەری ئەو کولتوورە دادەنا (الشریف، ٢٠٠١: ١٩)، ئەمەش لە دروشمەکەیدا (نەتەوەی عەرەبی یەکگرتوو – خاوەن پەیامێکی نەمرە) ڕەنگیدایەوە، بەم هۆیەوە پیرۆزاندنی هەستی ناسیۆنالیزم بە بەرزترین بەهای باوەڕی بەعس دادەنرا، بە ئامانجی هاتنەدی ڕێبازێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی هاوچەرخ، کە دەوڵەتێکی بیرۆکراتی بەعسی عەرەبیە (حمادی، ١٩٨٧: ١٢)، لەسەر ئەو بنەمایەی، کە عەرەب نەتەوەیەکە خاوەن پەیامێکی نەمرە (نەبەز، ١٩٨٤، ٤٤)، ئەو پەیامە بەهایەکی شارستانی و شکۆمەندی لە ئێستا و ئایندەدا هەیە (عفلق، ١٩٨٦: ١/١١٢)، لەمەوە بەعسیزم ئامانجەکانی لە (یەکێتی، ئازادی، سۆسیالیزم) وەک سیانەیەکی لێکدانەبڕاو دیاریکرد بە ئامانجی بەدیهێنانی یەکێتی عەرەب.

بەعسییزم بەو جیاوازییە بەرچاوەی لەگەڵ بیری کۆمۆنیزمدا هەیبوو کەوتە ململانێییەکی

---

[1] یەکەمین دەستووری حیزبی بەعس کە لە ساڵی ١٩٤٧ لە کۆنفرانسی یەکەم پەسەندکراوە، تا ساڵی ١٩٦٣ وەک تاکە سەرچاوە سەیر کراوە، پاشان هەندێک بۆچوونی "زەکی ئەرسۆزی و وەهیب غانم" وەک پاشکۆی دەستوورەکە زیاد کراوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٣ لە شەشەم کۆنگرەی نەتەوەیی بە ناونیشانی (هەندێک دەرهاویشتەی تیۆری) بنەمایەکی تیرۆری نوێیان داڕشت. بڕوانە: ( محمد عامر: الاحزاب و الحركات القومية العربيه، ج٢، المركز الوطنی للدراسات الاستراتجية ، دمشق، ب.س.ط، ص٣٠٩).

فیکریی قوڵ لەگەڵ (حشع)دا، وای دەبینی شیوعییەکان بەهۆی دژایەتیکردنی بیری ناسیۆنالیزم، سوودیان بۆ نەتەوەی عەرەب و ئامانجەکانی نەبووە، چونکە کرێگرتەی خواستی دەرەکیی بوون، وەک عەفلەق گوتوویەتی: "کۆمۆنیستەکان بانگەشەی ئەو بیرورایانە دەکەن کە لە رۆژئاواوە گواستویانەتەوە، وەک چۆن بانگەشەی ناراست بۆ دادپەروەری دەکەن، بەڵام لە باوەڕ و ئەزموونیانەوە نی یە، چونکە ناتوانن واز لەو وڵاتانە بێنن کە سۆزیان بۆی هەیە" (عفلق، ١٩٧٩: ٣٤)، بۆیە لە باوەڕی بەعسدا جگە لە ناسیۆنالیزم سەرجەم بیرۆکەکانی تر هاوردە کراون، لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی، ئابووریی و کولتووریی عەرەب ناگونجێن، بەم هۆیە بەعسیزم بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە لە پێناو یەکپارچەیی عەرەب و رێگرتن لە هێزە کۆلۆنیالیەکان و فەرمانڕەوای داردەست و کۆنەپارێزی عەرەب دەرکەوتووە (العیسمی، ١٩٧٥: ٢٤-٢٧)، هەروەها لاوازی گەشەی ئابووری و قۆرخکاریی کۆلۆنیالیزمی، زاڵبوونی فیودالیزم و پشت بەستن بە کۆمۆنیزمی رۆژئاوایی، بببوونە کرۆکی ململانێیەکی توندی نێوانیان، بەم پێیە هەر لەسەرەتاوە بنەمای فیکرو فەلسەفەی سیاسییان لێکگیربوو (البدری، ٢٠٠٨: ١٩٩٩)، ئەمە لە کاتێکدا هەردوو حیزب بۆچوونەکانیان هەڵقوڵاوی ژینگەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی دەرەوەی عێراق بوو.

**پرسیاری توێژینەوەکە:** بنەما ئایدۆلۆژیی و فیکرییەکانی (حشع) و حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست چین؟ گرنگترین ناتەباییە تیۆری و ئایدۆلۆژییەکانی نێوانیان چین؟ رەنگدانەوەی کاریگەریی ململانێکانیان لەسەر پەرسەندنە سیاسییەکانی عێراق؟

**گرنگی توێژینەوەکە:** دەستنیشانکردنی گرنگترین بنەما تیۆرییەکانی هەردوو حیزب و خستنەڕووی ئاستی جیاوازییە ئایدۆلۆژییەکانیان.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی توێژینەوەکە لە پاڵ دیاریکردنی ململانێ تیۆرییەکانیان کاریگەریی ئەو تێڕوانینانە لەسەر کارنامە و پێڕەوی سیاسیی هەردوو حیزب دەستناشان دەکات.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** میۆدی ئەم توێژینەوەیە وەسفی - شیکارییە، بە سوود وەرگرتن لە گرنگترین سەرچاوەو بڵاوکراوەکانی نێو ئەدەبیاتی سیاسیی و فیکریی هەردوو حیزب، هەروەها لێکدانەوەو شرۆڤەکانی نێو راگەیەندراوە ئۆرگانییەکانی هەردوولا، لەگەڵ دیارترین ئەو دانراوە شۆرڤەییانەی لە بارەی پێڕەوە و کارنامەی تیۆری هەردوو حیزبەکەوە نوسراون.

## ١. ئایدۆلۆژیای (ئینتەرناسیۆنالیزم) لە رەهەندە نێونەتەوەییەکانی (کۆمۆنیزم، سۆسیالیزم، ئایدیالیزم)

### ١-١ ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیزمی و یەکێتی نەتەوەیی (نێو نەتەوایەتی و نەتەوایەتی)

(حشع) پشتبەست بە تیۆری مارکس - لینین و کاریگەرییەکانی حیزبی شیوعیی سۆڤیەتی، بیری (نێونەتەوەیی) لە پێناو یەکگرتنی سەرتاسەری چینی کرێکاراندا پەسەند کرد، لە یەکەمین راگەیەندراوی (لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی کۆلۆنیالیزم و بەرهەمهێنان)١، وێنایەکی یەکگرتنی سەرتاسەری ئەو چینەی نیشاندا، وەک ئاماژەیەک بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئینتەرناسیۆنالیزمی سێیەم (الواجب الشیوعی، ١٩٦٨)، لەو پێناوەدا هێمای (چەکوش، داس و ئەستێرە)ی بە دروشمی (چینی دەسەڵات لە ژێر دروشمی کۆمۆنیزمدا دەلەرزن) بەرزکردەوە، هەروەها رێنمووییی چینە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ ئەنجامدانی شۆڕشێکی پرۆلیتاری کرد (عبدالله، ٢٠٢٢: ٢٧١)، کە دەسەڵات لە دەست کۆلۆنیالزم وەربگرێتەوەو بیداتە دەست کرێکاران (الحسنی، ١٩٨٣: ٣٣٣)، بۆ راستاندنی ئینتەرناسیۆنالیزمی خۆی، لە یادی ٢٤ ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بروسکەی پیرۆزبای بۆ ستالین نارد و ناونیشانی "باوکی کۆمۆنیزم" و "پرۆلیتاریای مەزنی" پێدا، پاشان پێشوازی لە راسپاردەکانی کۆنگرەی حەوتەمی ئینتەرناسیۆنالیزمی سێیەم کرد بە دروشمی "بژی کۆمینتێرن، رێبەری شۆڕشی کرێکاران" (بیری نوێ، ١٩٧٢/ ٢٧)، لێرەوە پابەندبوونی خۆی دووپات کردەوەو ستایشی سۆڤیەتی لە یارمەتیدانی گەلان کرد (الخزاعی، ٢٠٢٢: ٥٢)، بەم شێوەیە (حشع) وەک لقێک لە ئینتەرناسیۆنالیزم، دیدێکی سۆڤییەتانەی بۆ کێشە بنەڕەتییەکانی دەوروبەر خستەڕوو (هول، ١٩٧٠: ٥٠).

(حشع) لە ماددەی ١٢ی گەڵاڵە نامەی دامەزراندیدا، جەختیکردەوە لە دۆستایەتی گەلانی دیموکراتخواز لەگەڵ سۆڤیەت، هەر بۆیەبە شوێنکەوتنی هەنگاوەکانی ئینتەرناسیۆنالیزم، لە دیاریکردنی ئەرکە کۆمۆنیستییەکانیدا پاڵپشتی هەڵوێستە فەرمییەکانی سۆڤیەتی بە پێویستییەکی هەنووکەیی دانا، هەروەها لە ماددەی چواری پەسەندکراوی کۆنفرانسی یەکەم، لەسەر بنەمای گەیشتن بە برایەتییەکی نێونەتەوەیی، داوای بەدەستهێنانی مافی سەرجەم گەلانی کرد (قضیتنا الوطنیة، ٦٢)، هەروەها لە برگەی (أ) ماددەی پێنجدا، خۆی بە بەشێک لە دەستە خوشکی ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیزمی جیهانی دانا، ئەم پەیوەستبوونە لەو روانگەیەوە بوو، شۆڕش کاتێک سەردەکەوێت، کە ناوەڕۆکێکی جیهانیی هەبێت، چونکە کاتێک دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لە وڵاتێکدا هاتە کایەوە، هاوکارییەکی نێونەتەوەیی پێویستە، هەر بۆیە گەیاندنی گیانی تەبایی ئەو مەرجە لینینیەیە کە هەموو چەپێک پێی قایلە (بطرس، ١٩٧٠: ٩٢)، بۆیە (حشع) پێی وابوو جوڵانەوەی پرۆلیتاریی، سەرکەوتن بەدەستناهێنێت تا نەبێت بە جوڵانەوەیەکی شیوعییانەی ئوممەمی (ئابڵاخی، ٢٠١٧: ١١٨)، لەمەوە خۆیان بە دوژمنی سەرسەختی نەتەوایەتی کوێرانە دەبینی لەو باوەڕەی

---

[1] لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی کۆلۆنیالیزم و بەرهەمهێنان: لە ٨ی ئازاری ١٩٣٥لەلایەن گروپێك لە مارکسیستەکانی عێراق دامەزراوە، لە ٣١ی تەموزی ١٩٣٥ ناوی خۆیان گۆڕی بۆ (حیزبی شیوعیی عێراق). جعفر عباس حەمیدی: التطورات السیاسیة فی العراق ١٩٤١ – ١٩٥٣، مطبعة النعمان، النجف، ١٩٧٦م، ص٣٤٢ ).

سروشتی بۆرژوازیانەی هەیە، لەم بۆچوونەوە (حشع) سەرگەرمی بارهێنانی کرێکاران و جووتیاران بوو بە گیانی برایەتیی، چونکە ئەم برایەتییە شێوەی وڵات و نیشتمان و نەتەوە وەردەگرێت. (ئازادی، ١٩٥٧: ٣/٧)

پێچەوانەی ئینتەرناسیۆنالیزمی جیهانی؛ بەعسیزم کە خاوەن میتۆدێکی ناسیۆنالیستی نەژادپەرست بوو، لە ماددەی یەکی دەستووری دامەزرانیدا، وەک حیزبێکی ناسیۆنالیستی شۆڕشگێڕ خۆی ناساند، کە باوەڕی بە ئامانجە بنچینەییەکانی ژیانەوەی نەتەوەی عەرەب هەبوو (دستور حزب البعث، ١٩٤٧)، بۆیە لە ماددەی دوودا، نەتەوەی عەرەبی وەک پێکهاتەیەکی کولتووری یەکگرتوو ناو برد، پاشان لە ماددەی سێدا جەختدەکاتەوە لە شکۆمەندی عەرەب، وەک نەتەوەیەك لە دەوڵەتێکدا بژین و سەربەستبێت لە دیاریکردنی مافی چارەنووسیدا، بەم پێیە بەعس باوەڕی بە ناسیۆنالیزم هەبوو وەک راستییەکی زیندوو، تا تاک بە نەتەوەکەیەوە دەبەستێتەوە، لە شێوەی پەیوەستبوونێکی پیرۆز، یاخود هاندەرێک بۆ قوربانیدان و پاڵنەرێک بۆ بەرپرسیارێتی. ( الوحدة العربية، ٢٠١٣: ٥-٨)

بەعسیزم، پێناسەیەکی دیاریکراوی بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی نەبوو، بەڵکو وەک بزوتنەوەیەک ناساند بووی، کە تەقەلای رزگارکردنی عەرەبی لە دەست کۆلۆنیالیزم دەدا، بە ئامانجی بونیادنانی دەوڵەتێکی یەکگرتوو (یسین، ١٩٧٨: ٢٣)، بەڵام وەک ئایدۆلۆژیایەکی باڵادەست بەسەر نەتەوەکانی تردا دەیسەپاند، پێکهاتە نەتەوەییەکانی دی بە (شعوبیەت – گەلانی ناعەرەب) ناودەبات، بە چاوی نزم و کەم بایەخ دەیانبینێت ( وثائق حزبية من تأريخ البعث، ١٩٩٦: ٢)، وەک ئەوەی عەفلەق دەیگوت: "ناسیۆنالیزمی عەرەبی رەگی تیۆریی و بەرهەمی بیرکردنەوە نی یە، بۆیە ناسیۆنالیزمی عەرەبی زیاترە لە هەستێک لە گۆشەگیریدا بێت و تیۆرییەک لەسەر پەڕاوەکان بێت" (فرح، ١٩٧٥: ٣٩)، هەروەها لە نامیلکەی "لە ناسیۆنالیزمی عەرەبییدا" رایگەیاندووە، "ژیرانە نییە ناسیۆنالیزمان کە بنەمای ژیانمانە، ببێتە بابەتێکی تیۆریی لە سنووری هۆشیاریدا قەتیس بێت" (عفلق، ١٩٨٦: ١١١)، ئەمەش ئەو راستییەی دەگەیاند، بەعس بە رەتکردنەوەی ئینتەرناسیۆنالیزم، بیری ناسیۆنالیزمی وەک لایەنی دژبەری کۆمۆنیزمی نێونەتەوەیی دەبینی و لە پەرچەکرداری پشت گوێخستنی ناسیۆنالیزم لە دیدی شیوعییەکاندا هەڵوێستی وەرگرتبوو.

لە ژێر رۆشنایی ئینتەرناسیۆنالیزم و یەکێتی نەتەوەیدا دژایەتیەکی قوڵ هاتە کایەوە، (حشع) هەوڵیدەدا بنەڕەتی پرسە نەتەوەییەکان ببەستێتەوە بە ئۆردوگای سۆسیالیستی (حبیب و الدوادی، ٢٠٠٣: ٣٢٨-٣٥٢)، پێیوابوو ئەم ئایدۆلۆژیایە ناتوانێت رووانینێکی مارکسییانەی هەبێت، چونکە نەتەوە خۆی لە خۆیدا دروستکراوێکی نوێیە دژایەتی سروشت و گەشەسەندنی مێژوویی دەکات، دابەش بوونی نەتەوەیی رەگێکی ماددی، چینایەتیی هەیە، هەربۆیە دژایەتیی ناسیۆنالیزمیان گەڕاندەوە بۆ ئەو دابەشبوونە چینایەتییەی کە جیهانی گرتۆتەوە (الحركة الشيوعية، ١٩٩٢: ١٤)، وایان دەبینی یەکێتی نەتەوەیی پێویستی بە بناغەیەکی یەکگرتوو هەیە، نەک لە گۆشە نیگایەکی بچووکەوە تەنها عەرەب بە ئامانج بگرێت. (حداد، ١٩٧٣: ١٣)

بەعسیزم بە کۆمۆنیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمی بە ئایدۆلۆژیایەکی یۆتۆپی دەناساند، کە بنچینەکەی لە ئەورووپیایە، ناتوانێت هاوسەنگی لەگەڵ سۆسیالیزمی نەتەوەیی بێنێتە کایەوە مرۆڤ بەهرەمەند

ناكات بۆ سوود گەیاندن بە نەتەوەو نیشتمانەکەی، ئەمەش لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگەی عەرەبیدا ناگونجێت، زیاتر لەوە پێیان وابوو، (حشع) لە ئەنجامی کۆژانە کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و سیاسییە راستەقینەکانی خەڵک پەیدا نەبووە، بەڵکو ئەو گەرایە بوون، کە دەستی دەرەکی بە ناوی (نێونەتەوەیی سێیەم) رێبازەکەی دیاریکردووە (الرباك، ١٩٨٧: ٢٤).

عەفلەق پێی وابوو شیوعییەکان هەرگیز وەفایان نابێت بۆ خاکەکەیان (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٦٩)، هەربۆیە کۆمۆنیزمییان بە هۆی لاوازی نەتەوە دادەنا، پێیان وابوو ئەگەر ئینتەرناسیۆنالیزم پێدابگرێت لەسەر رێزگرتن لە سەربەخۆیی و دەستوەرنەدان لە کاروباری گەلان، کەواتە بۆچی سۆڤیەت ئینتەرناسیۆنالیزم لەسەرو بەرژەوەندی نەتەوەوە دادەنێت؟ بۆیە داکۆکیکردن لێی ملکەچییە بۆ کۆلۆنیالیزم و دوورکەوتنەوەیە لە گەیشتن بە قۆناغی رزگاری نیشتمانیی (عیسا، ٢٠٠٨: ل١٥٤)، چونکە بەستنەوەی پرسی نەتەوەیی بە کێشەی سەرانسەری پرۆلیتاریا، هیچ لە راستی ژیانی وەرزێرێکی عەرەب ناگۆڕێت، بەم هۆیەوە چەمکی (یەکێتی نەتەوەیی) بووە ناوکی بیروباوەڕەکانی بەعسیزم (اليوزبكى، ٣٢٣-٣٥١)، لەمەوە بەعسیزم یەکێتی ئینتەرناسیۆنالیزمی گۆڕی بۆ یەکێتی نەتەوەیی، بە چەسپاندنی دروشمی تەنها یەک نەتەوەی عەرەب (الرزاز، ١٩٨٩، ٨-١٨) بە مەرجی یەکگرتن وەک پێوەرێکی سەرەکی (فرح، ١٩٧٣: ٧١-٧٣)، هەروەها پەیامی (نەمری)ش پێکهاتووە لە رابوونێک لەسەر بنەمای یەکێتی رەچەڵەک، رەگەز، زمان، رۆح و مێژوو، بەو پێیە پێویستە عەرەب تێیدا بتوێنەوە، بۆ بەدیهێنانی ئەمەش؛ کودەتایەکی شۆڕشگێریی چارەسەرە (فرحان، ١٩٩١: ٢٩)، کە بتوانێت زاڵببێت بەسەر هێزی بەدکارو خۆسەپێنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم لە دەرەوە و هێزی کۆنەپەرست لە ناوخۆدا. (الجود، ١٩٩٧: ٢٤)، لەمەوە بەعسیزم پێچەوانەی (حشع) لە بە جیهانیکردنی کێشە نەتەوەییەکان هەڵوێستی هەبوو، دەیانویست نوێنەرایەتی جموجوڵی ناسیۆنالیستیی بکەن و جڵەوی سیاسەتی گشتی عەرەبی بکەن، هەر بۆیە ئەم جۆرە لە یەکێتی بە مەرجی ژێر دەستەی بۆ بەعس قبوڵ دەکرا، لەم ڕووەوە بەعس تایبەتمەندییەکی زۆری بەخۆی دەدا، کە بەرگری لە دروستبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتووی سۆسیالیستی پێشکەوتووخواز دەکات، (وثائق حزبية من تأريخ البعث، ١٢)

ئەم ناکۆکییانە لە چوارچێوەی ململانێیەکی ئایدۆلۆژیی و فیکریی بوو، زیاتر لەوەی لەگەڵ ژینگەی سیاسیی، کۆمەڵایەتی و ئابووری عێراقدا بگونجێت، ئەگەر چی (حشع) لە سۆنگەی پەیوەستبوونی بە ئەرکە ئینتەرناسیۆنالیەکەیەوە لە دیارترین کێشە بنەڕەتییەکانی عێراقی دەڕوانی لەسەر ستراتیژ و بەرنامەی سۆڤیەت لەبەرامبەر گەلانی رۆژهەڵات دادەڕشت، بە هەمان شێوە بەعسیزم و تێڕوانیە نەتەوەییەکەی، زیاتر لە ئەندێشەوەنزیک بوو، چونکە نەیانتوانیوە دابەشبوونی نەتەوەی عەرەب بەسەر چەند وڵاتێکدا لێک بدەن و سنوورەکانیان نەهێڵن و ببنە دەوڵەتێک لەژێر دەسەڵاتی تاکە حیزبێکی وەک بەعسدا، بەتایبەت کە چەندین دەوڵەتی عەرەبی هەن خەسڵەتی کولتووری و کۆمەڵایەتییان جیاوازە.

**٢-١ سۆسیالیزمی زانستی و سۆسیال – ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی**

سۆسیالیزم لە رووی مێژووییەوە دەرهاویشتەی گۆڕانکارییە هەمەلایەنەکانی شۆڕشی پیشەسازی ئەوروپایە، کە بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە بە چەندین رێگەی جیاواز هاتە کایەوە (بولیترز، ١/٢٨٧)، لە نێویاندا (سۆسیالیزمی زانستی) وەک رێبازێکی فیکریی بە ئامانجی رەتکردنەوەی ستەمکاریی و قۆرغکاریی لە دەست چینێکی دیاریکراو پەیدابوو، هاوشێوەی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی بۆ بونیادنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی لەسەر بنەمای گۆڕانکاری لە مافی خاوەندارێتی و بنکۆڵکردنی بۆرژوازێتی، کە بە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی پرۆلیتاریی شێوە دەگرێت (ماندل، ١٩٧٤: ٧-٣٥).

بونیادنانی بیرۆکەی سۆسیالیزم لەسەرەتاوە بە ناوی (سۆسیالیزمی زانستی) بووە ژێدەر بۆ تێکڕای بزوتنەوە چەپەکان (فرح. ب.س: ٢٤)، لەمەوە سۆسیالیزم وەك بیرێکی زانستییانە هەر لە مارکسییزمدا بەدیدەکرێت، لە دەرەوەی ئەمە بە هەر بۆچونێکی دی بە لاکردوو، ئەندێشەیی، هەلپەرست، سۆشیال شۆڤێنی ناودەبرا (نەبەز، ٢٠٠١: ٥)، لەم سۆنگەیەوە (حشع) وەک حیزبێکی مارکسیی سۆسیالیزمی کردبوویە سەرەکیترین ئامانجە بنەڕەتییەکانی، هەربۆیە لە دامەزراندنییەوە دروشمەکانی "پرۆلیتاریا هیچی نی یە لە دەستی بدات جگە لە زنجیرو پێوەندەکانی، کرێکارانی عێراق یەکبگرن" یان بەرزکردۆتەوە، بە ئومێدی وەرچەرخانی عێراق بە قازانجی سۆسیالیزم (فاضل، ٢٠٠٣: ١٢).

هەرچەندە سۆسیالیزم سنورێکی نەتەوەیی نەبوو، بانگەشەیەکی نێونەتەوەیی دەکرد، بەڵام چەندین رێکخراوی جیاجیا لە نموونەی بەعس هەوڵیانداوە هاوسەنگی لە نێوان سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزمدا بکەن تا پێهاتەیەکی فیکری نوێ بەرهەمبهێنن (سەعید، ٢٠٠٧: ٢٠/١٣٧)، بەعسیزم لە ژێر کاریگەری ناسیۆنالیزم، بە رەچاوکردنی تێزە بنەڕەتییەکانی نازیزم، وەک هێزێکی (سۆسیالیستی کرێکاریی و نەتەوەیی) خۆی ناساند (تەرابیشی، ٢٠١٠: ٤٤)، پاشان بەهۆی سەرسامبوونیان بە ئایدۆلۆژیای نەژادپەرستی ئەڵمانی، چەمکەکانی (ناسیۆنالیزم، دژایەتی کۆمۆنیزم، میلیتاریزم و شۆڤێنیزم) سەرنجی راکێشان، لەسەر ئەم بنەمایە بەشێک لە ئایدۆلۆژیای سۆسیال- ناسیۆنالیزمیان بەتێکەڵکردن لەگەڵ رۆحی نەتەوەی عەرەبدا ئاوێتەکرد، بۆ وێنا، دروشمی (عەرەب لە سەرو هەمووانەوەیە)، هەمان وتەی هیتللەر بوو کە دەیگوت (ئەڵمانیا لەسەروو هەمووانەوەیە)، هەروەها نیشاندانی بایەخی عێراق بۆ عەرەب، هاوشێوەی گرنگی پروسیا بۆ ئەڵمانییەکان و ناوبردنی بە (پروسیای عەرەب)، یاخود بانگەشەی نازییەکان بەوەی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی هەموو ئەو زەویانە دەگرێتەوە کە ئەڵمانی زمانن (بارییە، ٢٠٠٦: ٢٥)، بۆیە ئەم خواستە ئێتنیکی و زمانییە لە بنچینەکانی دروشمی بەعسدا رەنگیدابۆیەوە، ئەویش دروشمی (لە ئۆقیانووسەوە بۆ ئۆراڵ) بوو، لەسەر ئەو تیۆرە ناسیۆنالییەی کە خواستی نەژاد و زمانی عەرەبی بۆ ئەم بانگەشەیە ئامادەیی هەیە، لەژێر ئەم کارتێکردنەدا حیزبی بەعس کە سیمایەکی شۆڕشگێڕانەی فاشیزمی دابووە خۆی، پەیڕەوی سۆسیالیزمی بە سێیەم گرنگترین مەرجی بەدیهێنانی رزگاری نەتەوەیی عەرەب دادەنا (جحا، ٢٠٠٤: ٢٤٩)، بەڵام ئەم چەشنە لە سۆسیال - فاشیزمیی بەعس لە جیهانی سێ و لەناو زەمینەیەکی ماددی، دەرەبەگی، خورافی، دواکەوتوویی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و سیاسیی لەسەر بنەمای دەسەڵاتی

خۆسەپێن و چەوسێنەر بنجی دادەکوتا. (کۆمەڵە، ١٩٥٨: ٢/٥)

حیزبی بەعس لەسەرەتاوە هەڵگری پاشاوێکی سۆسیالیستی نەبوو، دواتر بە بڵاوکردنەوەی نامیلکەی (نەتەوەی عەرەب و هەڵوێستی بەرانبەر کۆمۆنیزم)، سۆسیالیزمی وەک تەرزێک پەسەندکرد (أکرم الحورانی یحاور نفسه، ١٩٨٧: ١٣)، ئەویش بە ئامانجی بەستنەوەی خەباتی چینایەتی و نەتەوەیی، تا رێگری لە پارچە بوون بکات، هاوکات بیسەلمێنن خاوەن تێگەیشتنێکی شۆڕشگێڕیی پێشکەوتوخوازنەیە (رۆشنبیری نوێ، ١٩٧٦: ٤٧/٢٧)، ئەویش لە پێناو راکێشانی چینی کرێکار و جووتیاران تا لەو رێگەیەوە لەگەڵ دونیای چەپدا بسازێت هاوکات واینیشانبدات لەگەڵ بزوتنەوەی رزگاریخوازەکانی جیهاندا پەرۆش و پشتیوانە (سەرکانی، ٢٠٠٨: ٩)، لەمەوە دەرفەتی دژایەتیکردنی شیوعییەکانی بۆ رەخسا، کە ئامانجە سۆسیالیستییەکەی بە رێگەیەکی بێ خزمەت بە فەرهەنگی عەرەب ناو ببات، بەمەش سۆسیالیزمی عەرەبی لە وەڵامی سۆسیالیزمی نێونەتەوەیدا وەستایەوە. (الرحیلی، ٢٠٠٣: ٢٢)

بەعسیزم ئەو شێوە سۆسیالیزمەی قبوڵ بوو، کە تایبەتمەندێتی نەتەوەی عەرەب لەبەرچاو بگرێت، هەر بۆیە سۆسیالسیزمی زانستییان رەتکردەوە کە لەسەر بنەمای هەڵوەشاندنەوەی موڵکایەتی تایبەت وەستابوو، چونکە بەعس کە نوێنەرایەتی فیودالیزم و وورده بۆرژوای دەکرد، موڵکایەتیی و میراتیان وەک دوو مافی سروشتی دادەنا (البعث و نضال الطبقة العاملة، ١٩٧٥: ٨٠)، بەو پێیەی مافی خاوەندارێتی لە توێی سنوورەکانی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا زامن دەبێت، ئەرکی دەوڵەتە موڵکایەتی زەوی و ماڵ بۆ هاونیشتمانیانی دابینبکات. (مستەفا، ٢٠٠٧: ١٠٥)، لەم نێوەندەدا پێویست بوو جیاکاری بکرێت لە نێوان بۆرژواو و پرۆلیتاریا، چەوساوەو چەوسێنەر، کرێکار و خاوەنکار، بەو پێیەی مەرج نی یە، هەموو خاوەنکارێک قۆرغکار و چەوسێنەر بێت و ئازادیی وەبەرهێنان کۆتبکات، لەوانەیە داهێنانی نەتەوەیی بە دوای خۆیدا بهێنێت، بەم پێیە سۆسیالیزمی وەک پێناوێک بۆ دارشتنەوەی بیری نەتەوەیی عەرەب پەسەندکرد (السقاف، ٢٠٢١: ٣)، تیایدا عەرەب لە سایەیدا بەرهەمە ماددی، ئەخلاقی و مەعنوییەکان پەرەپێدەدات، بۆیە دەبێت ناسیۆنالیزم ئامانجی سەرەکی بێت و سۆسیالیزمیش شوێنکەوتە ( دستور الحزب البعث العربی ألاشتراکی، ب.س: ٣)، بەمە جیاوازییەکی هەستپێکراوی نیشاندا لەگەڵ ئەو سۆسیالیزمەی کە رۆژئاوا بانگەشەی بۆ دەکرد، پێویست بوو ملکەچی یەکێتی عەرەبیی بێت و ببێتە پاڵنەرێکی ئەرێنی، بە پێچەوانەوە سۆسیالیزمی زانستی کایەیەکی رەشبینی بێ گیان و رۆحە ( وثائق حزبیة من تأریخ البعث، ١٩٩٦: ١-٩).

سۆسیالیزمی عەرەبیی پەیرەوی جوڵانەوەیەکی ئاشتیخوازیی ناکات، چونکە بنەماکانی پەرەسەندنی ئابووریی و قۆناغەکانی گەشەسەندنی مێژوویی نی یە، کە سۆسیالیزمی زانستی باسی لێوە دەکات، چونکە کۆمەڵگەی عەرەبیی گیرۆدەی کەرت بوون بۆتەوە (مقصود، ١٩٨٥: ٢٣)، بەم پێیە سۆسیالیزم لە قوڵایی ناسیۆنالیزمی عەرەب هەڵدەتۆقێ، چونکە ئەگەر ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە جەوهەردا ناسیۆنالیزمێکی سۆسیالیستییە، ئەوا نایەتە دی گەر هاوکاری ناسیۆنالیزمی پێنەگات، ئەمە پێمان دەڵێت، سۆسیالیزمی بەعس پابەندی هیچ یاساو میتۆدێکی مێژوویی و فەلسەفی نەبوو، بەڵکو

ئاماژەیەک بوو بۆ دژایەتیکردنی سۆسیالیزمی زانستی، هەروەها داکۆکیکردن لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان بۆ راکێشانی جەماوەر و دوورخستنەوەیان بوو لە (حشع) (البعث و نضال الطبقة العاملة، ۳/۱۹٦۳)، بەڵام لە تێڕوانینی بەعسییزمدا وەک بەشێک لە ناوەڕۆکی بزوتنەوە شۆڕشگێڕیی و بوژاندنەوەی شارستانی عەرەبی دەبینی (جاسم، ۱۹۸۷: ۸-۱٤)، بەم شێوەیە، راڤەی بەعس بۆ ناسیۆنال - سۆسیالیزم واینیشاندا تێکەڵبوونی سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزم بەو واتایە نی یە، کە بەهای هەردووکیان هاوسەنگە، سۆسیالیزم گرنگی کەمترە لە ناسیۆنالیزم، لەمەوە عەفلەق گوتویەتی: "رەخنەگرتنمان لە کۆمۆنیزم لەبەر ئەوە نی یە کە بۆ ئێمەی عەرەب نەگونجاوە، بەڵکو رووهەڵماڵینە لەسەر کەموکوڕیەکی بنەڕەتی لەم تیۆرییە بۆ عەرەب". (عەبدوڵڵا، ۲۰۲۲: ٦۹)

بەم پێیە  بەعس تا ئەندازەیەک سۆسیالیستی بوو، کە نەگۆڕێت بۆ کۆمۆنیزم، چونکە وەک ژەهرێک بۆ نەتەوەی عەرەبی دەدی، بەو پێیەی سۆسیالیزم کۆکەرەوەی لایەنی ماددی نی یە کە مارکس باسی لێوەکردووە، بەڵکو کایەیەکی روحییە کە لە هەستی ناسیۆنالیزمدا سەردەردێنێ، بەم شێوەیە سۆسیالیزم ملکەچی یاسایەکی ناسیۆنالیستانەیە، بەو واتایە زیاتر بابەتێکی رۆحیی و سەرخانییە وەک لەوەی ئیدیالێکی مەتریالیستی بێت، وای دەبینی کۆمۆنیزم کە هەڵگری بەیداغی خەباتی چینایەتییە، ئەو رووە نەرێنییەیە، کە رۆڵەکانی بەسەر چینەکاندا دابەش دەکات و ئەندامانی لێک دوور دەخاتەوە، بەڵام سۆسیالیزمی نەتەوەیی پێکهاتەی چین وەک رەهەندێکی کۆمەڵایەتیی دەبینێت (نظرية البعث و الواقع القومی الامة، ۱۹۸۰: ٦٤)، جیاوازی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان ناکات، بەم پێیە ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریی رەتکردۆتەوە، چونکە کۆمۆنیزم ئەزموون و بنچینە رۆحییەکەی عەرەب پشتگوێ دەخات، بۆیە عەفلەق گوتویەتی: "هەر نەتەوەیەک پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەرچیەک بێت هەرگیز رق و کینەی ناگاتە رقی عەرەبێک بەرانبەر کۆمۆنیزم"(عفلق، ۱۹۷۳: ۲۲)، وێڕای ئەوە دەیگوت ئێمە دژی مارکسییزم نین، بەڵام هیچ خاڵێکی هاوبەشمان لەگەڵ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریی نی یە، چونکە نەتەوەی عەرەب تایبەتمەندیی هەیە، دەبێت شوناسێکی سۆسیالیستی جیا لە رۆژئاوایی دروستبکات، کار بۆ زیندووکردنەوەی عەرەب و شارستانییەتەکەی بکات، بەعس وای دەبینی هەر نەتەوەیەکی تر مارکسییزم قبوڵبکات گلەییان لێ ناکرێت چونکە ریشەی مێژوویی و میراتی فیکرییان نی یە (عثمان، ۱۹۸۱: ۸۱).

هەر بۆیە بەعسیزم بۆ جیاکردنەوەی تێگەیشتنە سۆسیالیزمییەکەی، چەمکەکانی (تێکۆشان و چینی کرێکار)ی گۆڕی بۆ (بەرخۆدان و رەنجدەر)، هەروەها ئەو پرسەی هێنایە بەر باس کە تایبەتمەندی چینی کرێکار چییە؟ کە مارکسیزم رۆڵی سەرەکی پێ دەسپێرێت (الأتاسی، ۱۹۹۹: ۱٦-۲۲)، هەرچەندە کرێکار رۆڵێکی گرنگی هەیە، بەڵام ئەم رۆڵە رەنگدانەوەی دۆخێکی مەتریالی نی یە، بەڵکو پێویستە وەک چینێکی چەوساوە بەرژەوەندییەکانی پشتگوێ بخات و خەباتی خۆی لە چوارچێوەی سۆسیال – ناسیۆنالیزمی بەعسیزمدا دەستپێبکات، ئەمەش بەو مانایە نی یە لە ئایندەدا شۆڕش مۆنۆپۆل بکات، چونکە شۆڕشی بەعس وەک بزاڤێکی نەتەوەیی دەبێتە موڵکی سەرجەم چین و توێژەکان، بەم پێیە بەعس ملکەچی قازانجەکانی هیچ توێژ و تاقم و چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو نەبوو (عەلی، ۱۹۹۷: ۱۷۳)، بەڵام پایەی کۆمەڵایەتیی لەسەر ئارەزووەکانی دەسەڵاتی سیاسی

بۆرژوای بیرۆکراتی مشەخۆر بوو چونکە لە بواری ئابووریدا بەرهەمهێن نەبوو (رەش، ١٩٩٤: ٣٨)، بەڵام بەعسیزم نەك خۆی بە ئەڵتەرناتڤی ئایدۆلۆژیای مارکس - لینینی دادەنا بەڵکو لە میانەی دوژمنایەتی کۆمۆنیزمدا، بە تێکەڵکردنی بە بیری نازیزم و فاشیزم گۆڕدرا و لەرووی ئایدۆلۆژییەوە لە قاڵبی خۆیدا مەیی (مینە، ٢٠١٢: ٦٢)، چونکە ئەگەر سۆسیالیزم پەیوەندی بە یەکێتیی گشتی عەرەبەوە هەبوویێت، ئەوا لە عێراقدا وای دەبینی سۆسیالیزم مەودای تەواوی خۆی وەردەگرێت ئەگەر تواناو کارامەی بێتە دی لە رووبەڕووبوونەوەی گۆرانکارییە جیهانییەکان، بەم جۆرە سۆسیالیزم توانای هەیە لە عێراقدا بێتە دی بە سەرۆکایەتی حیزبی بەعس (حسين، ١٩٨٩: ١٠١)، ئەمەش بنەڕەتیترین جیاوازی هەستپێکراو بوو لەگەڵ شیوعییەکاندا، لە کاتێکدا بە خوێندنەوەی دۆخی گشتی عێراق، سۆسیالیزم لە چوارچێوەیەکی تیۆرییدا مایەوە، هەر بۆیە سۆسیالیزمی زانستی یان عەرەبی، تەنیا بیرۆکەیەکی خەیاڵی بوون، چونکە بە روانین بۆ دۆخی گشتی وڵاتانی عەرەب و ئەو جیاوازیە مەزنە لە هەلومەرجی سیاسیی و ئابووریان، یەکێتیەکی لەو چەشنەیان پەسەند نەکرد.

### ٣-١ تیۆریی ناسیۆنالیزمی پان ئیسلامیزم

(حشع) وەک هێزێکی مارکسی، ئاینی لە تێڕوانینێکی ئایدۆلۆژیی و تێگەیشتنێکی کۆمۆنیزمییەوە تەماشا دەکرد، بەو پێیەی ئاپین وەک باوەڕێک بەرهەمی کۆمەڵگەیە، ناتوانرێت وەک هێزێکی سروشتی نوێنەرایەتی بوونە بەرجەستەکان بکات (مصطفى، ٢٠٢١: ١٥-٢٠)، بەو واتایەی وەک هێزێکی میتافیزیکی لە لایەنە ماددی و کۆمەڵایەتییەکان بە تەنها ئاڕاستە بکات و هاوشێوەی بابەتێکی رۆحی بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە لێی بڕوانرێت، لە کاتێکدا سەرجەم پرسە کۆمەڵایەتییەکان لە بۆچوونی (حشع)دا رەهەندێکی ماتریالیستی مێژوویی و دیالێکتیکی هەبوو، سەرباری ئەوە کاتێک مارکس ئاینی وەک هۆیەک بۆ بێ هۆشکردنی گەلان ناوبرد (العقاد، ٢٠١٣: ٨)، لینین یش بە کۆنەپەرستی، دواتریش لە سۆڤیەت و بەشێک لە وڵاتە سۆسیالیستییەکاندا ئاپین یاساغ کرا، (قانع، ٢٠٠٣: ١٣٩)، ئەویش لەو باوەڕەی دەستگرتنی کۆمەڵگە بە ماکی ئاینییەوە باوەڕێکی ژێر دەستەیی دێنێتە کایەوە، وا لە ئەندامەکانی دەکات قایل بن بە ستەمکاریی و ئەو هەلومەرجە دواکەوتووەی تێیدان (سەیاب، ٢٠٢١: ١٢)، بەمەش هێزو توانای داهێنان لاواز دەکات، پێیان وابوو رژێمە مەزهەبییەکان خوڵقێنەری داگیرکاریی و دواکەوتووین.

بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەرێتی ئاپین کە ریشەی کولتووری، رۆحی و کۆمەڵایەتیی قوڵی لە ژیانی کۆمەڵگەدا هەیە، وای لە (حشع) کرد بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بەتایبەت لەبەرانبەر کولتووری پان ئیسلامیزمیدا، کە لە شێوەی داب و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگەدا دەبینی (العقاد و العطار، ١٩٧٢: ٦٢-٦٦)، ئەمەش وایکرد (حشع) لەبەرانبەر پان ئیسلامیزمیدا هێورو لەسەرخۆ بێت، پێیوابوو لەو سۆنگەیەی کۆلۆنیالیزم و فیودالیزمی کۆنەپەرستانە، قورسای شۆڕشە کۆمەڵایەتیی و چینایەتییەکانی خستووەتە ئەستۆی سەرجەم هێزە سیاسییەکان، کە پێویستە پێکەوە کار بۆ ریشەکێشکردنیان بکەن، تا شۆڕشێکی پۆرلیتاری لە شێوەی بەرخۆدانی نیشتمانی بەرپابکەن، پاشان کار بۆ بنکۆڵکردنی بنەما دواکەوتووەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بکەن. (المسئلة الجبهة القومية،

١٩٨٩: ٢٣-٢٤)

لە نێو فەرهەنگی ئایدۆلۆژی (حشع)دا باسکردن لە پرسی پان ئیسلامیزم تا رادەیەک پشتگوێخراوە، بەڵکو ئاینی لە رووانگەی رەخنەگرتن لە جیاکاری چینایەتیی و رۆڵی لە پشتیوانیکردنی دەسەڵاتی ستەمکار و رێگری لە گۆڕانکاریی دەبینیەوە، هەر کاتیش هەستی بە مەترسی وروژاندنی سۆزی خەڵکی بکردایە، هۆشداری لەبارەی تێکەیشتنی (حشع) بۆ ئایین دەدا، کە دەستی ستەمکارانەی سەرمایەداریی و بۆرژوازیەت هەوڵی شێواندنی وێنای کۆمۆنیزم دەدەن، هەوڵیداوە بیسەلمێنێت کە (حشع) لە کارنامە تیۆرییەکەیدا لە پاڵ یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتییدا دەرفەتی ئازادی ئاینی بە مەرجی سێکۆلاریزم دەرەخسێنێ (الخزاعی، ٢٠٢٢: ٦٥)، لەگەڵ ئەم نەرمی نواندنەشدا نەیتوانیوە بەر بەو پروپاگەندە دوژمنکارانەیە بگرێت، کە دژ بە تێڕوانین و بنەما فیکرییەکانی لەلایەن هێزە کۆنەپارێز و ناسیۆنالیستییەکان نموونەی بەعس گیراونەتە بەر، بەوەی دژ بە پێڕەوی ئیسلامە و خەڵکی هانداوە بۆ بێ باوەڕی، تا لەم ڕێگەیەوە بەر بگرن لە وەڵامدانەوەی ئەرێنی بۆ بەدەنگەوە هاتنی کۆمۆنیستانە.

ئاینی ئیسلام بەو پێودانگەی بە زمانی عەرەبی و لە ناو عەرەبدا هاتووەتە خوار، کاریگەری لەسەر پێکهاتەی رۆحیی و کولتووری عەرەب هەبوو (الندوی، ١٣٨٩: ٥٧-٥٩)، واتە ئیسلام تەزوویەکە هێزە شاراوەکەی عەرەب دنە دەدا، بۆیە مێژووی فەرمانڕەواییان وەک رۆحی نەتەوەیی، دەسەڵاتخوازیی و یەکێتی کۆمەڵایەتی تەماشا دەکرا، بەڵام پوکانەوەی دەسەڵاتی ئیسلامگەرایی، هەروەها نەمانی خەلیفە و خەلافەت وەک دوو سومبولی پیرۆز، کاریگەری لەسەر ئەندێشەی تاکی عەرەب هەبوو، هەرچەندە بەعسیزم بانگەشەی ئایدۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی و سێکۆلاری دەکرد، بەڵام ئەو عەلمانیەتە دابڕینی مرۆڤ نەبوو لە تایبەتمەندییە روحی و میتافیزیکییەکانی (الغامدی، ب.س: ٨٣)، کاتێک لە دەستووری دامەزراندنیدا خۆی وەک هێزێکی سێکۆلار ناساند، بە واتای بەدیهێنانی ئازادی بۆ تاک و دابەزینی حوکمی خودایی بۆ فەرمانڕەوایی (العیسمی، ١٩٨٦: ١٧-١٨)، وەک ئەوەی لە ماددەی ١٥ی دەستوورەکەیدا، تیشکی دەخستەسەر پێکهێنانی ئەو ناسیۆنالیزمەی کە هاوسەنگی و ئازادی نێوان هاوڵاتییەکانی بە جیاوازی ناوچە، بیروباوەڕ و مەزهەب دەپارێزێت، هەروەها لە ماددەی ٤١ ئاماژەی بە دروستکردنی کولتوورێکی عەرەبی پێشکەوتوخواز کردبوو کە نەریتێکی زانستی و پەروەردەیی هاوچەرخی دوور لە خورافیات بونیادبنێت (الخزرجی، ١٩٩٩: ١٢٠).

بەعسیزم ئیسلامی وەک ئامرازێک بۆ نوێکردنەوەی بیری (عروبە) ناساندووە، کە هاوشێوەی براڤێکی جوڵێنەر دنەی توانا شاراوەکەی دەدا بۆ بونیادنانی رۆحی بەرەنگاریی و باڵاکردنی یەکێتیەکەی، ئەم نرخاندنەی بۆ دەرخستنی دیدە ناسیۆنالیستیەکەی بوو (سعید، ١٩٨٣: ٤٦-٤٧)، بەو پێودانگەی ئایین هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ تواندنەوەی شوناسی عەرەب لە سایەی یەک ئوممەدا، چونکە چەمکی ئوممە لە ئیسلامدا گوزارشتێکی ئینتەرناسیۆناڵە، لە هەمان کاتدا خەونی پرۆژە نەتەوەییەکەی عەرەبە ( الدین و قضایاه الدینیه، ٢٠١٣)، بۆیە پێکهاتەی ئوممەی ئیسلامیی عەرەب دەکاتە هەڵگری پەیام وەک گەلی هەڵبژێردراو، لەمەشەوە بەعسییزم؛ مێژووی ئیسلام و قۆناغی فتوحات دەکاتە بیانوویەک بۆ شانازیکردن بە رابردووی عەرەب و رزگارکردنی نەتەوەکانی تر بە

هەڵگرتنی ئاڵای شارستانیەت و پێشکەوتن ( القوطالی، ٢٠٠٨: ٣-٤)، بۆیە ئیسلام پەیامی یەکبوونی عەرەب و بەهێزبوونێتی، عەرەبیش زەمینەی بڵاوبوونەوەی بۆ دوورترین شوێن خولقاند، لەم تێروانینە بەعسییەدا، خودا عەرەبی بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلام هەڵبژارد، چونکە خاوەن خەسڵەتێکی چاکەخواز بوو، تا تێروانینی (عەرەبی ئیسلامی) بگۆڕێت بۆ (ئیسلامی عەرەبی) (القوتلی، ١٩٨٨: ٢٤)، واتە ئیسلام بۆ خزمەتی عەرەب هاتووە، تەنانەت پەیامبەرەکەی وەک رێبەرێکی ناسیۆنالیست پیشاندەدا، بەم پێیە عەرەب سەرکردایەتی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی تر دەکات، ئەم سەرکردایەتیەش لە پێناو خزمەتکردن و قوربانیدانە، بۆیە ئەو گەلە نا عەرەبانەی لە دژی ئیسلام هەڵوێستیان وەرگرتووە، پێویستیان بەوەیە لەژێر سەرکردایەتی ناسیۆنالیستی عروبەدا کۆببنەوەو یەکبگرن. (الفكيكى، ١٩٩٧: ٢١-٢٣)

سەرباری ئەوە، بەعس تێروانینێکی ناچوونیەک و دژ بەیەکی لەبەرانبەر ئایین و پرەنسیپەکانیدا هەبوو، لەلایەک پروپاگەندەی بیری نوێخوازی، مۆدێلی نوێی سیستمی بەڕێوەبردن و سێکۆلاریزم دەکرد، ئەویش لەو دوو وتارەی عەفلەقدا، کە لە نیسانی ١٩٥٦ بە ناونیشانەکانی (تیۆریی ئێمە لە بارەی ئایین) و (پرسی ئایین لە دیدی بەعسی عەرەبییدا)، بڵاویکردەوە (عفلق، ١٩٨٦: ١١٥)، تیایدا جیاکردنەوەی ئایینی وەک خاڵێکی جەوهەری لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا نیشاندا، پاشان بایەخی ئایینی تا ئەو ئەندازەیە دیاریکرد، کە هاوجووتبێت لە خزمەتکردن بە کولتووری عەرەب (رمضان، ١٩٩٧: ١٢٢)، لەم رووانگەیەوە بەعس هەوڵیدا سوود لە ئیسلام وەربگرێت بۆیە کەوتووەتە خوێندنەوەیەکی چەواشەکارانە، بۆ نموونە عەفلەق لە کاتێکدا خۆی مەسیحی بوو، لە بارەی ئیسلام و کولتووری عەرەبەوە دەڵێت: "موحەمەد نموونەی هەموو عەرەب بوو، دەبا هەر عەرەبێکیش نموونەی موحەممەد بێت"، بەهەمان شێوەی نازییەکان، کە پێیان وابوو (رایخی سێ) هەڵگری بیری راستەقینە و مژدەهێنەری عەدالەتی خوداییە (ئەمین، ٢٠٢٢).

لەمەوە پەیامی ئیسلام وەک ئایدۆلۆژیایەکی شۆڕشگێڕی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا دەگونجێنێت، لەو باوەڕەی توانای نوێ بوونەوەی رۆحی هەیە، هەر بۆیە عەفلەق دەڵێت: "ئیسلام رۆح و کەسایەتی نەتەوەیی عەرەبە"، هەر بۆیە ئیسلام وەک بزووتنەوەیەک ئامانجی نوێکردنەوەی عەرەب بوو لە پارچەبوون بۆ یەکریزی، لە ژێردەستەیی بۆ رزگاریی، لەمەوە بەعس پێیوابوو داستانی ئیسلام لە سروشتی پاڵەوانانەی خۆی دابڕاوە، کە شمشێریان بە دەستەوە بوو، ئیمانیان لە سنگیاندا بوو لە کاتێکدا خودا پێغەمبەرانی خۆی لەم میللەتە رەنگ قاوەییە هەڵبژاردووە، وەک چۆن لەم شوێنە پیرۆزە هەڵیبژاردووە کە خاکی عەرەبە، بۆیە ئەو کاتەی ئیسلام دەرکەوت مۆرکی عەرەبی هەبوو، تێگەیشتنی پەیامەکەی لە چاوو عەقڵی عەرەبدا بوو، ئەو فەزیلەتانەی کە ئیسلام پەسەندی کردوون عەرەبین، بۆیە پەیوەندی عەرەب و ئیسلام پەیوەندییەکی چارەنووسساز و ژیانییە، ناتوانرێت لە هیچ گەلێکەوە لە ئیسلام تێبگەین وەک ئەوەی عەرەب لێی تێگەیشتووە (طوالبة، ٢٠١١).

لەبەرانبەر ئەم دوو فاقییەدا، ئەفلەق هەوڵیدەدا پاساوێک بێنێتەوە، بەوەی کەسی نیشتمانپەروەر ئەو کەسەیە باوەڕیان بە کێشەی وڵات و نەتەوەکەیان هێناوە، چونکە ئەم ئایینە

نوێنەرایەتی پەرەسەندنی بیری عروبە دەکات (مطر، ٢٠٠٨: ١٩٣)، بەڵام پێویستە نوێگەری بکات، خۆی لە تەپوتۆزی خورافات رزگاربکات، هەروەها لەو روونگەیەی (ئەوەی لەگەڵ بیری نەتەوەی عەرەب نەبێت شعوبییە)، ئەو بۆچوونەی رەتکردەوە، کە لە ئیسلامدا عەرەب و عەجەم نی یە، تەنانەت راڤەی ئەو ئایەت و فەرموودانەیان بە هەڵە ناو دەبرد کە جیاوازی نێوان نەتەوەکان ناهێڵێت، لەم گۆشەنیگایەی بەعسەوە دژیەکی لە جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینییەکانیدا بایەخی نی یە، گرنگ ئەوەیە بروای بە ئیسلام بێت وەک پێناوێک بۆ برەودان بە ناسیۆنالیستی عەرەبی (عفلق، ١٩٧٣: ١١).

(حشع) لە سۆنگەی تێروانینە ماددی و دیالێکتیکییەوە ئاینی وەک پێناوێک بۆ زەبرو زەنگ و کۆنەپەرستی دادەنا، بەڵام بەعسیزم سیاسەتێکی دژە بەیەکی پیادەکردووە، لەلایەک بانگەشەیەکی نائاینی دەکرد، لەلایەکی دی ئاینی وەک کارتێکی فشار دژ بە (حشع) و لە هەمان کاتدا سوود لێبینینی بۆ برەودان بە گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەکارهێناوە (ئەسەسەرد، ٢٠٣٣: ١٥)، لەم بارەیەوە عەفلەق گوتویەتی: "ئەو تاقمە شعوبیەی بە چەکی دەرەکی پشتگیری کراون نامان ترسێنێت، چونکە بە کینەی رەگەزپەرستییەوە دژی عروبییەت پاڵنراون، ئێمە خوداو سروشت و مێژوومان لەگەڵە ئەوان چی؟"، جگە لەوە، بەعسیزم نەیتوانی وەک هێزێکی سێکۆلار خۆی بسەلمێنێت، چونکە وەک بزاڤێکی تۆتالیتێر هەوڵیداوە خۆی بەسەر دیاردە ئاینیەکاندا بسەپێنێ، هاوکات ئایینی بۆ بەهێزکردنی دەسەڵات و دەزگا دەوڵەتییەکانی بەکارهێنا، کە رەگی ململانێیەکی مەزهەبی دوورودرێژی لە عێراقدا خولقاند، لە رێگەی پشتیوانیکردنی سوونە و داپڵۆسینی شیعەکانەوە، سەرباری ئەوەی پرەنسیپەکانی ئیسلامی دژ بە پێکهاتە نەتەوەییەکانی وەک کورد بەکاردێنا، بە پاساوی ئەوەی خوازیاری پێکهێنانی یەکێتیی عەرەبیی نین (العلوی، ١٩٨٦: ١٥٦-١٥٧)، ئەویش لەسەر ئەو باوەڕە عەفلەقییەی کە پێی وابوو بەدرێژایی چەندین سەدە، کوردەکان هاونیشتمانی عەرەب و موسڵمان بوون وەک هەر عەرەب و موسڵمانانی تر بەبێ هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا.

## ٢. لیبرالیزمی نەتەوەیی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی پێکهاتە نەتەوەییەکان

### ٢-١ لیبرالیزم لە نێوان ململانێی (گەل) و (نەتەوە)دا

حیزب و رێکخراوە کۆمۆنیزمییەکان چەمکی ئازادییان وەک ناوەندی بڕیاری سیاسیی، کۆمەڵایەتیی دانا بوو، (حشع)یش لە باوەڕەوە بانگەشەی بۆ (ئازادی کۆبوونەوەو رادەربڕین، کردنەوەی یانەو سەندیکاکان) کردووە، لە یەکەمین کۆنفرانسیدا جەختیدەکردەوە لەو بۆچوونەی لینین کە چەمکی ئازادیی وەک هەنگاوێکی بنەڕەتی دادەنا بۆ گواستنەوە لە قۆناغی سەرمایەداریی بۆ سۆسیالیزم (جعفری، ١٣٤٥: ٥١-٥٤)، ئەمەش بەرزترین پێناوە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیزمی، کە شوێنەواری بۆرژوازی بسڕێتەوە (بولیترز و کافین، ب.س: ٤٥-٣٩) ئەمەش وایکرد لە ماددەی سێ لە پێڕەوی حیزبەکە کە لە شوباتی ١٩٤٥ بڵاوکرایەوە جەختیکرایەوە لە رێکخستنی جەماوەر لەسەر بنەمای (نیشتمانێکی سەربەست و گەلێکی ئازاد). ( مؤلفات الرفیق فهد، ب.س: ٥١-٥٣)

بەکارهێنانی چەمکی ئازادی لەلایەن (حشع)ەوە رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر بۆتەوە، بەتایبەت لەلایەن حیزبی بەعسەوە دەیانگوت، (حشع) لە بۆچوونی شوێنکەوتەیی ڕێبازە دەرەکییەکانی سۆڤیەت و جیهانبینی مارکسییزمدا هەڵوێستێکی پۆپۆلیستیانەیان گرتووەتەبەر ( الصراع بين النظرية الماركسية و القوميه العربية، ٢٠٠٩: ١١)، بەوەی لە کاتێکدا بانگەشەی ئازادی، نەهێشتنی چینایەتی، هەڵبژاردنی ئازادی دەکرد، بەڵام دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لە ڕێگەی شۆڕشێکی سۆسیالیستیەوە بە کۆتا ئامانج دیاری دەکات، کە دیسان ئەو چینەی لە پێشتردا چەوساوەو زەحمەتکێش بووە، دەستبەرداری ئازادییەکەی دەبێت و دەبێتە دیکتاتۆر (بیانکۆ، ١٩٧٩: ٤٩)، واتە بانگەشەی دەسەڵاتەکان و قۆرغکردنی لەدەست چینێکی دیاریکراودا دەکرد، سەرەنجام سەریدەکێشا بۆ دەسەڵاتێکی تاکڕەویی و خۆسەپێن.

بەعسیزم لە چوارچێوەیەکی تەسکی نەتەوەییدا جەختی کردووەتەوە لەوەی گەل ئازادە لە مافی دەربڕین و کۆبوونەوە، لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵاکانی عەرەبدا، واتە سەربەستی تاک رزگاربوونی مرۆڤی عەرەبە لە کۆت و بەند، بۆیە ماناو تێگەیشتنی ئازادی بە دووەم بنەمای ئایدلۆژی بەعس دانراوە، ئەگەر چی بەعس چەمکی ئازادی لە واتا سیاسییەکەیدا بە رۆڵی ئەندامانی کۆمەڵگە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا داناوە، تا لەم ڕێگەیەوە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووخوازو پڕ هەستی شانازیی بۆ عەرەب دەستەبەر بکەن (حزب البعث العربي االشتراكي، ١٩٨٧: ١١-١٢)، بەڵام لە ناوەرۆکدا بەدیهێنانی یەکێتی نەتەوەیی بە هەنگاوی بنچینەیی بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی مرۆڤەکان دیاریکراوە، واتە ئازادییەکانی تاک قوربانی ئازادییە نەتەوەییەکانە، چونکە لە دۆخی دژوارو تانگانەی عەرەبدا وا دەخوازێت، کە ئازادی تاک مل بدات بۆ ئازادی نەتەوە و شوێنی بکەوێت (العباسی، ١٩٩٢: ١٤٧-١٤٩)، بۆیە بایەخی سەربەستی تاک لە تێڕوانینی بەعسدا پێچەوانەی مانای ئازادییە بە تێگەیشتنە مارکسییەکان، چونکە لێرەدا ئازادی رەگەزی سەرەکی بوژاندنەوەی بزوتنەوە نەتەوەییەکەی عەرەبە (أفاق العربية، ٨/١٩٧٨)، بەو واتایەی لیبرالیزمی بەعسی هاوتای ئەزموونکردنی ئازادییە کەسییەکان نی یە، بەڵکو ئازادبوونی نەتەوەکەیەتی. (عبد، ١٩٥٤: ٣)

بەم تێڕووانینە بەعسیزم پێچەوانەی دیموکراتییەتی گەلیی و ژیانی پارلەمانی وەستایەوە، بەو پێیەی کە ڕێگە بە ئازادی کارکردنی بۆرژوایەت و فیوداليزم دەدات کۆنترۆڵی تەواوی گەل و دەسەڵاتەکانی بکەن، تا دەستکەوتی ئەو حیزبە شۆڕشگێڕییە بە فیڕۆ نەچێت (نضال البعث، ١٩٧١: ٤/١٩٤)، لەمەوە ئازادی لەسەر ئاستی تاک و نەتەوە، نابێت هۆکاربێت بۆ دابەشبوون، بەو واتایەی ئازادی لە مانا فراوانەکەیدا بریتی یە لە ئازادییەکی نەتەوەیی، لەم رووەوە مرۆڤ کاتێک ئازادی بەدەست دێنێت، لە بەشێک لە ئازادییەکانی خۆش ببێت لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی، دەبێت ئەو مەرجانە قایل بێت کە نەتەوەکەی بەسەریدا دەیسەپێنێت (حزب البعث العربي االشتراكي القيادة القومية، ١٩٧٢: ٥٨)، لەمەوە بەعس تێگەیشتنێکی قوڵ و بابەتیانەی بۆ چەمکی ئازادی نەبووە، بەڵکو بەشێوەیەکی تاکتیکی بەکاریهێناوە وەک پێویستیەکی بنەڕەتیی هەرێمە عەرەبییەکان، کە لەو قۆناغەدا لەژێر دەستی داگیرکەردا بوون (سلمان، ١٩٧٧: ٢٨)، لەمەوە پابەند بوونی تاک ملکەچبوونە بۆ ئەو شێوە ئازادییەی بەعس قبوڵیەتی، هەرچەندە لە رووی تیۆرییەوە بەعسییەکان بانگەشەی ئەو

شێوە دیموکراتییە گەلییەی دەکرد، کە ڕێبازی بەعسییزم بپارێزێت، بەمەش تێڕوانینێکی دژ بەیەک لە دروشمەکانیدا هەبوو، چونکە مانای ئازادیی لەگەڵ چەمکەکانی (کودەتاگەری، دوژمنانی شۆڕش، دوژمنانی گەل، کۆنترۆڵکردنی ئازادی پەروەردەیی ... هتد) نەدەهاتەوە. (ناجی، ب.س: ٨٩-٩٣).

ناکۆکییەکی بنچینەی لە تێگەیشتنی بنەماکانی ئازادی لە نێوان (حشع) و بەعسدا هەبوو، لە بنەڕەتدا (حشع) بە ناوەندیکردنی دیموکراسیی و ئازادیی لە دیدە مارکسییەکانەوە وەک هۆیەک بۆ گۆڕینی بنەما ئابووریی و چینایەتییەکاندا لێکدەدەیەوە کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەداتە دەست هەمووان (الحزب الشیوعی العراقی و النهج الاشتراکیة العلمیه، ب.س: ٢١)، بەڵام بەعسیزم ئازادی لە چوارچێوەی ململانێی ئابوورییانەی چینێکی دیاریکراودا نەدەبینی، چونکە چین ئەوانە بوون کە لە پاڵ حیزبەکەدا بەشداری سیاسییان هەبووایە، بەعس داکۆکی لە ئابووری سەربەخۆی چینێکی دیاریکراو نەدەکرد، بەڵکو پشتگیری لە مۆنۆپۆل و دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن دەوڵەتەوە دەکرد (نضال البعث، ١٩٧١: ١٩٤-١٩٥)، بەمەش حیزبەکە دەستەبەری ئازادی ئەو چینانە دەکات، کە لە چوارچێوەی پلانەکانی شۆڕشدا خۆیان سەلماندبێت، سەرباری ئەوە (حشع) ئازادیی و دیموکراسیەتی گەلیی لە چوارچێوەی ژیانی پارلەمانیی دژ بە فیودالیزم و ووردە بۆرژوادا دەبینی، بەڵام بەعس ئازادییە کەسییەکانی لە سۆنگەی باڵادەستی سیاسیی و ئابووریی خۆیەوە دەبینی، حکومەتی لەسەر بنەمای حیزبی شۆڕشگێڕو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و سەرکردایەتی شۆڕش ڕێکدەخست و سەرکۆنەی سیستمی پارلەمانی دەکرد. ( الصراع بین النظریة المارکسیة و القومیه العربیة، ب.س، ٢٤)

**٢-٢ دیارکردنی مافی چارەنووسی پێکهاتە نەتەوەییەکان**

مافی چارەی خۆنووسین دیارترین ئەو پرسە سیاسیی و نەتەوەییانە بوو، کە لە نێو قوتابخانەی بیری کۆمۆنیزمیی و تێڕوانینی سۆسیالیستانەی هێز و لایەنە چەپەکان زۆرترین مشتومڕی لەسەر بووە، ئەگەر چی لەگەڵ ڕسکاندنی بیری ناسیۆنالیزمی، نەتەوە وەک چەمکێکی نوێ بۆ بەدیهێنانی یەکێتییەکی سیاسیی نەک زاراوەیەکی ئیتنیکی لە ڕۆژئاوادا بەکاردەهات، بەڵام لە پاش سەدەی هەژدەوە وەک کۆیەکی ئیتنیکی لەسەر بنەمای جیاوازی نەژاد شێوەی گرت. (عەلی، ٢٠١٣: ٥٧-٦٦)

لە دیدی مارکسدا مەسەلەی نەتەوەی لە ڕووانگەی دیالێکتیکی ماتریالیزمی مێژووییەوە لێکدراوەتەوە واتە بە پێی گەشەی قۆناغە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان ڕاڤە کراوە، بەم پێیە گەل و نەتەوە، مانایەکی کۆمەڵایەتی و ڕەهەندێکی چینایەتی هەبوو، کە جگە لە زمان و خاکی هاوبەش بێ بوونی مەرجی یەکێتی ئابوورییانەی هاوبەش نەتەوە دروستنابێت، لە کاتێکدا پرۆلیتاریا کۆمەڵگەیەکی یەکسانی سۆسیالیستی یەک ڕەنگی بێ چین دروست بکات ( کالتاخشتان، ١٩٨٨: ٢٢٥-٢٣٥)، بەم پێیە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە نەتەوەو مافەکانی لە تێڕوانینی کۆمۆنیزمدا هەڵگری ناوەرۆکێکی سیاسیی بوو، بەڵام کۆمۆنیزمی قۆناغی ستالینی بە ڕووانین لە یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەتدا[١]، پێی وابوو، کۆمەڵە خەڵکێکی جێگیرن بە درێژایی مێژوو زمان، زەوی،

[١] یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی یەکێتی سۆڤیەت: یەکێتییەکی کارگێریی بوو لە ٣٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢

ژێرخانی ئابووری و کولتووریان یەکە، بەڵام لە تیۆریی مارکسیزمدا بنەمای ئابووری ڕۆڵی بنچینەی هەیە لە دروستبوونی نەتەوەدا (زاوی و میاد، ٢٠٢٠: ٧-٨)، بەم پێیە ئەگەر کۆمەڵێکی مرۆیی سەرجەم خەسڵەتەکانی نەتەوەی تێدا بێت، بەڵام ئابووری هاوبەش نەبوو بۆ بەیەکەوە بەستنی ئەندامەکانی ناشێت پێی بوترێت نەتەوە. (کورانفورث، ١٩٩٩: ٢٤١)

لە تێڕوانینی قوتابخانەی سۆسیالیزمیدا، مافە بنەڕەتییەکانی پێکهاتە نەتەوەییەکان وەک کەمینەیەکی ئیتنیکی بە دابڕین لە شێوەی مافێکی کولتووری لێیان ڕووانیوە، ئەمەش لە وتاری لینین بە ناونیشانی (مانای سەربەستی نەتەوەی لە دیاریکردنی چارەنووس) خرایەڕوو، لەگەڵ ئەوەی دووەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەی، تیشکیان خستە سەر پشتیوانی لە ئازادی مافی چارەی خۆنووسینی سەرجەم گەلان (دافییس، ١٩٧٢: ٢٢٨)، لەم سۆنگەیەوە هێزە چەپەکان لە گۆشەنیگای جیاوازی چینایەتییەوە هاوسۆزیان دەربڕیوە بەمەبەستی ڕزگاربوون لە ستەمی سەرمایەداری (فرح، ١٩٨١: ١٤٧)، بەم هۆیەوە پشتیوانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی و نیشتمانییان کردووە، لەسەر بنەمای ئەو باوەڕە لینینیەی کە کۆمۆنیزم پشتیوانی لە ئازادی و سەربەستی مافی گەلانی ستەم لێکراو دەکات تا ئاستی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی (أبو فاشة، ٢٠١٩: ١٠٠)، ئەمەش بەو واتایەی لینین سەلماندویەتی کە کێشەی نەتەوەیی تەنها لەسەر بناغەی شۆڕشی پرۆلیتاریی دێتە چارەسەرکردن.

(حشع) مافی چارەی خۆنووسینی وەک ڕێگەی ڕزگاری بۆ گەلی کورد پەسەندکرد بوو (کرمانج، ٢٠١٥: ١١٣)، لە زۆرینەی بڵاوکراوەکانیدا جەختیکردووەتەوە لەسەر مافی گەلانی ستەملێکراو تا ئاستی دیاریکردنی چارەنووسیان، بە تایبەت بۆ پرسێکی هەستیاری وەک پرسی کورد، کە وەک نەتەوەیەک لە پاش نەتەوەی عەرەب وەك دووەم پێکهاتەی نەتەوەی (بیری نوێ، ١٩٧٢: ٢٥/٣)، واتە ڕەوایەتیدان بە پاڵپشتی تێکۆشانی نەتەوەی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا (عبدالرضا، ١٩٦٩: ١٥-١٦؛ الحافض، ١٩٧٠: ٤٥)، بەو پێیەی دداننان بە پێویستی پێکهێنانی برایەتی نێوان گەلی عەرەب و کورد، لەگەڵ ئەوەشدا (حشع) گرنتی گیانی برایەتی و چارەسەری پرسە نەتەوەییەکانی لە چوارچێوەی ئینتەرناسیۆنالیزم و بەدیهێنانی سۆسیالیزمدا دەبینی، بەڵام ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و ڕزگاریی نەتەوەیی لەگەڵ پارچەکانی تردا وەک پێشمەرجی ئەم هەنگاوە داناوە، وێڕای ئەوە (سەربەخۆیی نەتەوەی) گۆڕیوە بە برایەتی و یەکێتی نیشتمانی، بەم هۆیەوە پشتی بەو دەقە لینینییە دەبەست کە پێشنیاری دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی کۆمۆنیزمی دەکرد (الثقافة الجديدة، ١٩٧٣: ١٠١)، لە کاتێکدا (حشع) هەمان هەڵوێستی لەبارەی کێشەی فەلەستینەوە نەبوو، بەڵکو وەک بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی داوای پێدانی مافی سەربەخۆی دەکرد (عبدالله، ١٩٧٠: ٨-١١)، ئەمەش لە یەکەمین ڕۆژنامەی (کفاح الشعب)دا بە ئاشکرا پێویستی دداننان بە سەربەخۆیی گەلی کوردی لە عێراقدا ڕاگەیاندووە، بەمە خۆی لە دۆخی بێ هەڵوێستی هێنایە دەر. (الحسنی، ١٩٧٤: ٦/٧٨)

---

پێکهات، لەنێوان ٢١ دەوڵەت و ١٠ ویلایەت و ٤٩ هەرێم ، کە تیایدا ١٠٠ نەتەوە و ٨٩ زمانی جیاوازی لەخۆ گرتبوو، لە ٢٦ کانوونی یەکەمی ١٩٩١ هەڵوەشایەوە. بڕوانە: (زليخة معلم و نصرالدين مصمودى: دور ميخائيل غورباتشوف فى سقوط الاتحاد السوفيتى (١٩٨٥-١٩٩١)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة محمد خيضر، بسكرة، ٢٠١٤-٢١٠٥، ص٢٢-٣٩).

لە کۆنفرانسی یەکەم لە شوباتی ١٩٤٥دا، کۆمیتەی ناوەندی (حشع) پێداچوونەوەی بە هەڵوێستیان لەبەرانبەر پرسی کورددا کردووە، مافی چارەی خۆنووسینی کردووەتە ئامانجی بنچینەیی حیزبەکە، بەڵام ناوەڕۆک و شێوازی بەدیهێنانی ئەم مافەی باس نەکرد، هەر بۆیە خواستی کوردی لە سەربەخۆی نەتەوەیی عێراقدا دەبینی نەک جیابوونەوە، ئەمەش لە دەقی ئەو یاداشتەدا بەدیار دەکەوێت، کە لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥ بڵاویکردۆتەوە و تیایدا رایگەیاندووە: "هەوڵدانی حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی بە زەبرو زەنگ حکومی گەلی کورد بکات و بە پێچەوانەوە دەستووری دیموکراتی دەیانگەیەنێت بەو ئاستەی هەوڵی ئەوە بدەن ئاستەکانی رۆشنبیری، ئابووریی، تەندروستی و کۆمەڵایەتییان بەرنە سەرێ". (حیزبی شیوعی عێراق و مەسەلەی کورد، ١٩٨٦: ٦).

بە پێچەوانەوە، حیزبی بەعس گرنگییەکی ئەوتۆی بە دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەکان نەداوە، چونکە لە نێو پێڕەو پرۆگرامیدا تەواوی پێکهاتە نەتەوەییەکانی بەو کەمینانە ناوبردووە، کە بەشێکی بچووک و دانەبڕاوی نیشتمانی عەرەبن، بۆ ئەم مەبەستە پێیانوابوو، بەکارهێنانی چەمکەکانی (کەمینەی نەتەوەیی) لە پاڵ بیری عروبەدا پێویستی بەو تێگەیشتنەیە کە لە دیدی بەعسدا وشەی (عەرەبی) تەنها تایبەتمەندییەکی نەژادپەرستی نی یە، بەڵکو چەمکێکە هەڵگری سێ تایبەتمەندی (نەتەوەیی، مرۆیی و شارستانی)یە، بۆیە کورد وەك هەرپێکهاتەیەکی دی دەتوانێت بەشداربێت لە خزمەتکردن بەو پرۆژە مەدەنییە لە پێناو پەرەسەندنێکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری لە چوارچێوەی بەرەو پێشچوونەکانی نەتەوەی عەرەبیی. (الموصلی، ٢٠٠٢: ٣-٤)

لە بڕگەی یەکەمی ماددەی سێیەمی دەستووری حیزبەکەدا، رۆڵی گەلانی ناعەرەب وەک پاشکۆیەک لە پای خزمەتکردن بە شوناسی عەرەب رۆڵ و کاریگەرییان بەرز دەنرخێنێت، لەم سۆنگەیەوە ئەو کەمە نەتەوەییانەی نیشتمانی عەرەبی مافێکی تایبەتیان بۆ دیاری نەکراوە، چونکە بە سەرچاوەی مەترسی لەسەر تایبەتمەندی کولتووریی یەکێتیی نەتەوەی عەرەب دەبینی، بۆ نموونە لە ماددەی ١١دا بە ئاشکرا هێمای کردووە، بەوەی: " هەر نەتەوەیەک کە خواستی نەتەوەیی خۆی بخاتە پێش و دژ بە هەنگاوەکانی بەدیهێنانی یەکێتی عەرەب بێت ئەوا پێکهاتەیەکی دەمارگیرو رەگەزپەرستە، حیزب بە ئەرکی خۆی دەزانێ دژ بەم پێکهاتەیە لەسەنگەری بەرگری مافە زەوتکراوەکانی نەتەوەی عەرەبدا بێت". (الدلیمی، ١٩٧٨: ٢٢-٢٤)

حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٤٧ نامیلکەیەکی بەناوی (اهداف و غایات) بڵاوکردەوە کە نۆڕینی بەعسیزم لەمەڕ کێشەی نەتەوەیی روون و ئاشکرا دەردەکەوێت بەوەی: "کەمە نەتەوە ناعەرەبەکان کە ناتوانرێت لە کۆمەڵی عەرەبدا بتوێنرێتەوە و بە عەرەب بکرێن دەخرێنە ژێر یاسای تایبەتییەوە کە ئەرک و مافەکانیان بەشێوەیەک دیاری دەکات نەتوانن زیان بە بەرژەوەندییەکانی عەرەب بگەیەنن". (مینە، هەمان سەرچاوە: ٦٥)

حیزبی بەعس لە روانگەی سۆسیالیستیانەوە بانگەشەی یەکسانی نێوان نەتەوەکانی لە چوارچێوەی بەدەنگەوە هاتنێکی دڵسۆزانە بۆ نەتەوەی عەرەب دەدی، هەر بۆیە لە ماددەی ٢٠ی دەستووری حیزبەکەدا هاتووە: "بەخشینی مافی تەواوەتی هاوڵاتیان بۆ هەمووە ئەو کەسانەی کە لە خاکی عەرەبدا بەو پەڕی دڵسۆزییەوە هەڵسوکەوت دەکەن" (دستور الحزب البعث العربی ألاشتراکی،

المصدر نفسه: ٧)، لێرەشەوە دەردەکەوت کە بەعسیزم بەناوی دیاردەی مەزهەبی، عەشیرەتگەری و هەرێمچێتیەوە دەیانویست گەلانی ناعەرەب لە قاڵب بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا عەفلەق هەوڵیدەدا بۆ شاردنەوەی کەم و کوڕییەکان دیدگای تیۆریی حیزبەکەی لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتە نەتەوەیی شیبکاتەوە، بۆ بە لارێدا بردنی ئەم پرسە، هەوڵیداوە پرسی کورد لە ڕەهەندە سیاسیی و پاشخانە مێژوویی و نەتەوەییەکەی دابڕێت (الطوالبة، ١٩٨١: ٥٥٩)، تا لەو ڕێگەیەوە ناوەڕۆکی پرسەکە ببەستێتەوە بە بابەتەکانی پێکەو ژیانی نەتەوەیی و ڕەخساندنی یەکسانی نێو گەلان. (ناجی، المصدر نفسه: ١٠٩-١١١). بۆ زیاتر دوور خستنەوەی پرسی کورد، هۆکاری دوژمنایەتی کورد بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبییان دەگەڕاندەوە بۆ ڕۆڵ و بانگەشەکانی کۆلۆنیالیزم، کە بە بەردەوامی لە هەوڵی فراوانکردنی کەلێن و جیاوازییەکانی نێوان عەرەب و نەتەوەکانی تردان، لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی بنەمایەکی چەسپاو لە بارەی تێڕوانینی بەعسیزم، وایکرد بێسەرەو بەرەیی تیۆریی لە هەمبەر کورددا بێتە کایەوە، بۆیە جەختیان لەوە دەکردەوە، لە بەرژەوەندی عەرەب نی یە کورد بخاتە ژێر رکێفی خۆی و بە هاوڵاتی پلەی دووی دابنێت، بەڵکو لە بەرژەوەندی کوردە لەتەك عەرەب بێت لە دژی بێگانە. (حزب البعث العربی الاشتراکی، ١٩٨٠: ٦٢)

لەگەڵ ئەوەدا بەعس بە شانازییەوە باسی لەو مافانە دەکرد، کە لە چوارچێوەی بڕگەکانی دەستوورەکەیدا چەسپاندوویەتی، بەم پێیە بڕیارەکانی کۆنفرانسی حەوتەمی نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٦٧ بە باشترین پێوەر داناوە، کە نەتەوەی کوردی عێراق بە تایبەتمەندیەتی کۆمەڵایەتیی و نەتەوەییەکەوە مافەکانی لەبەرچاو گیراوە، پاشان وایان دەبینی بە ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی لە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ دا تێیدا کورد لەلایەن بەعسییەکانەوە مافگەلێکیان پێدرا کە هیچ کام لە پێکهاتە کوردییەکانی وڵاتانی ناوچەکەی هاوسنوور لەگەڵ عێراقدا نەیانبووە، وێڕای ئەوە بەعس بەردەوام دووپاتیکردۆتەوە، کە لە ژێر ڕۆشنایی بارودۆخی سیاسی عێراقدا، چارەسەری پرسی کورد ئەوەیە بچێتە ناو پرۆژەی نیشتمانییەوە، کە جەخت لەسەر یەکڕیزی عێراق بکاتەوە لەسەر بناغەی هاووڵاتیبوون و یەکسانی لە ماف و ئەرکەکاندا (البعث یؤکد بان الحل السلیم: ٢٠١٧)، بەم پێیە حیزبی بەعس لە پێناو داکۆکیکردن لە شوناسی عەرەبیی چارەنووسی پرسی نەتەوەیی کوردی بە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی عەرەب گرێداوە، هەربۆیە سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان کە لە نیشتمانی عەرەبدا وەک میوان ڕێز لە تایبەتمەندییان دەگیرێت، بەو مەرجەی لەگەڵ ئامانج و خواستەکانی عەرەبدا هاوکار بن. (الخوری، ١٩٩٨: ٤٠)

کاتێکیش حیزبی بەعس توانی دەسەڵاتیی سیاسیی قۆرغبکات، ڕاستییە مێژوویی و جۆپۆلۆتیکییەکانی بەجۆرێك شێواندووە کە لەگەڵ هێڵە گشتیی بۆچوونە فیکرییەکانیدا هاوجووتبێت (مسألة الاقلیات القومیة، ١٩٨٠: ٥-٧)، ئەم بۆچوونەی بەعسیزمییە نۆڕینێکی نازانستی و شۆڤێنییە چونکە سەرباری جیاوازییە زمانی، فەرهەنگیی ...هتد، پێکەوە ژیانی کورد لەگەڵ عەرەب نەك بە واتایەی یەکبوون نایەت بەڵکو دەبێت نەتەوەکانی تر لە نموونەی فارس، ئازەر، بەلووچ و تورك هەر عەرەب بن یان دەبێت عەرەبیش هەر فارس بن چونکە لە چەند قۆناغێکی مێژوویدا عەرەبستان بەشێك بووە لە نیشتمانی هاخامنیشی، ساسانی ...هتد، یان دەبێت تورك بن چونکە بەشێك بوون لە

عوسمانییەکان. (مینە، هەمان سەرچاوە: ٦٨).

وێڕای ئەوە، (حشع) لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی کۆمۆنیزمیدا، هەر گۆڕانێک بەسەر ئۆردوگای سۆسیالیزمیدا هاتبێت پریشیکی بەرکەوتووە، بەهەمان شێوە بەعس لەدوای گەیشتنە دەسەڵات چەندین گۆڕانی بەخۆوە بینیوە، کە گرنگترینیان کورتکردنەوەی چەمکی نەتەوە بوو، بەوەی هەر کەسێک و بڕوای بە زمان و ڕەوای مەسەلەکەی هەبێت بە کەسێکی عەرەب دادەنرێت، لەو ڕووانگەیەی بەعس تەنها عەرەبی وەک نەتەوە پێناسە کردبوو، کە کۆمەڵە مرۆڤێکن بە پاکی و لەسەر بەهای گیانی و مرۆیی ماونەتەوە، لەمەوە کوردی دادەبڕی لە بەهاو خەسڵەتەکانی نەتەوەو وەک شعوبیەک ناوی بردووە (اسکندر، ٢٠٠٤: ٨٧)، لەم ڕووەوە بەعس هەمان ئەو دیاردە تۆتۆلیتارە بوو، کە دژی هەموو فرەییەک بوو، دەیوست کورد و هەر پێکهاتەیەکی دی لە مێژووی خۆیدا بتاسێنێت.

### ٣. ململانێی دەسەڵاتخوازیی لە نێوان بیرۆکەی (شۆڕشگێڕیی و کودەتـاگەریی)دا

(حشع) وەك زادەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لێکەوتەکانی، تێگەشتنی لە چەمکی شۆڕش، تێکۆشانێکی سیاسیی بوو لە پێناو کۆتاپهێنان بە موڵکایەتی تایبەت و نەهێشتنی جیاوازی چینایەتیی، واتە لای (حشع) شۆڕش لە تێڕوانیینە مارکسییەکەیدا بێ بوونی چینێکی دەستەبژێر و دەستەیەکی چەکدار، توانای بنکۆڵکردن و نەهێشتنی جیاکاری چینایەتیی نی یە، بۆیە باشترین پێناوێک بۆ پیادەکردنی دامەزراندنی حیزبێکە کە هەڵگری ناوەڕۆکێکی شۆڕشگێڕیی بێت (طرابیشی، ١٩٦٠: ٣٣).

لینین سەرکەوتنی هەمیشەیی لە کردەوەی شۆڕشگێڕانەدا دەدی (و.ای.لینین، ١٣٨٧: ٣٣-٣٥)، بەڵام (حشع) لە پیادەکردنی تیۆری شۆڕشگێڕییدا، هاوشێوەی بزوتنەوەیەکی رادیکال دەرنەکەوتووە، تا ئەندازەیەک نەرم و دژ بە توندوتیژیی بووە پاڵشتی شێوەی خەباتی مەدەنییانەی دوور لە زەبرو زەنگ کردووەتەوەو بکەری سەرەکی کودەتای سەربازی نەبووە (شفیق، ١٩٧٢: ٤-١٠). بەم شێوەیە، شۆڕش لە ڕووانگەی (حشع)ەوە بەستراوەتەوە بە ڕیفۆرم، ئەویش لەو بۆچوونەی کە شۆڕش بە تێگەیشتنە ستالینییەکەی مانای گەشەی ئابووری نیشتمانیی دەدا (عوض و الحجازی، ٢٠٢١: ١٥٢-١٥٤)، بەم پێیە تیۆری شۆڕش لە ئایدۆلۆژیای مارکسیزمی کلاسیکیدا، ڕێباز و ڕێگایەکی ئاشتییانە پێشنیار دەکات (إعلان لجنة مناهضة الاستعمار والإنتاج، ١٩٣٦: ٤)، بەڵام لە کرداردا ڕێبازێکی رادیکاڵانەی نەگرتبووە بەر، داواکارییەکانیان لە چوارچێوەی ئەنجامدانی چاکسازی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئابوورییانە تێنەدەپەڕی، هەر بۆیە خۆی لە دروشمی کودەتاگەری بوواردووە.

هەرچەندە بەعسیزم پێناسەیەکی دیاریکراوی بۆ چەمکی کۆدەتای شۆڕشگێڕیی نەبوو، بەڵام دروشمی سەرەکی و دانەبڕاو لە چوارچێوەی پەیامی نەمری عەرەب لێکداوەتەوە، هەر بۆیە لە پێناسەکردنی خۆیدا ناونیشانی (حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست کە حیزبێکی شۆڕشگێڕییە)ی هەڵگرتووە، لەو ڕێگەیەوە نوێنەرایەتی بیری عروبە و بزاڤەکەی دەکات، بەکارهێنانی توندوتیژی داوە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، سیستمی تاک حزبی بە زامنی مانەوە و بەردەوامبوون زانیوە، کاتێکیش عەفلەق لە هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ساڵی ١٩٤٣ لە سووریادا شکستی هێنا، بیروبۆچوونی لەسەر

سیستمی پارلەمانی و هەڵبژاردن گۆڕا، لێرەشەوە خولیای (کۆدەتای شۆڕشگێڕیی) کەوتەسەری، لەمبارەیەوە گوتویەتی: "هەمان ئەو قەدەرەی ئەم پەیامەی پێ راسپاردووین مافی ئەوەشی پێبەخشیوین کە توندوتیژی لە فەرمان و کارەکانماندا پیادەبکەین". ( حزب البعث العربی الاشتراکی، القيادة القومية، ١٩٧٨: ٢١٣-٢١٥)، بۆیە پیادەکردنی تیرۆری جەستەیی و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن کۆڵەکەیەکی بەهێزی مانەویان بووە، لەم بارەیەوە عەفلەق دەڵێت: "بیروباوەڕ چەمکێکی ئەبستراکتە، بەڵام کاتێک لە مێشکی مرۆڤێکدا جێگیردەبێت دەبێتە رەفتار، بۆیە زۆرجار بۆ لەبار بردنی پێویست بە لەناوبردنی جەستەی مرۆڤەکە دەکات".(عفلق، ١٩٦٦: ١٢-١٣)

تێڕوانینە جیاوازەکانی (حشع) و بەعس بۆ بیروڕای شۆڕشگێڕیی، رەنگدانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و سیاسییان بوو، بە جۆرێک (حشع) بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی حیزبە کۆمۆنیستییەکانی سۆڤیەت و چین، کە مێژوویەکی دوور و درێژیان لە کاری رێکخراوەیی نهێنی و سەربازیدا هەبوو قسەی لە بارەی شۆڕشەوە کردووە، بۆچوونی شۆڕشگێڕییان بۆ پاراستنی ئەزموونی شۆڕش و دەستکەوتە کۆمۆنیزمییەکان بوو، هەر بۆیە زۆربەی کادیرانی حیزبەکە کرێکاران و جووتیارانی گوندنشین بوون، بەوەش (حشع) کەڵکی لە ئەزموونی شۆڕگێڕانەی چەپ و کۆمۆنیزم نەبینی، بە پێچەوانەوە حیزبی بەعس لق و شانە حیزبییەکانی بە دیسپلینی سەربازی و چەسپاندنی سێنترالیزمی سەربازی راهێنابوو (کاظم: ٢٠١٧)، هەربۆیە پێرەوی شۆڕش لە قوڵای دەستوورو لە ماددەی شەشەمدا وەک پرەنسیپی بنچینەیی جێگیرکراوە (المناهج الثقافی المرکزی، ١٩٨٥: ١٣)، چونکە وەستانەوە دژ بە کۆلۆنیالیزم و رێگیری لە پارچە بوون، بوونی شۆڕش وەک پێویستییەکی ریشەیی دەکاتە راستییەکی زاڵ، بۆیە بڕوای بە خۆهەڵقوتاندنی سوپا هەبوو لە بڕیاری سیاسیدا، دەیویست لە رێگەی تاکتیکی پلانگێڕییەوە کۆدەتایەکی سەربازی بکات و دەستبەسەر دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا بگرێت، (حسین، ١٩٨٩: ٤٣)، بەم پێیە لۆژیکی شۆڕش لە دیدی بەعسدا لە پانتایەکی فراوان و خێرا تردا گوزارشتی لە خۆی کردووە و لە شۆڕشەوە پەڕیوەتەوە بۆ کودەتاگەریی.

بەکارهێنانی توندوتیژی وەک ئامانجێکی خێرا بۆ هەرەسپێهێنانی سیستمی حوکمڕانی و دەرفەتێک بۆ گۆڕانکاریی، کە دەتوانێت رێکخستنە باوەکانی کۆمەڵگە بۆ شێوازێکی نوێی لە پەیوەندی بگۆڕێ بە ناوی (بەردەوامی شۆڕش)، ئەرکی حیزبە بۆ چەسپاندنی بنەماکانی شۆڕش و پاراستنی لە نێو سیستمی پەروەردە و دەزگاکانی راگەیاند وێنای فکریی شۆڕشەکە بکات ( حزب البعث العربی الاشتراکی القيادة القومية، ١٩٧٢: ٦٠-٦٨)، لەمەوە دەگەینە ئەوەی گرنگترین رەگەزی شۆڕش و بنەماکانی لە باوەڕیی بەعسیزمیدا پرسی دیکتاتۆریەتی سەربازییە، کە خۆی بە خاوەنی وڵات دەزانێت، لەم رێگەیەوە دەیەوێت حکومێکی بیرۆکراتی و دەسەڵاتی ناوەنگەرای سوپاسالاری بەهێز بونیاد بنێت، ئەویش بە رێگەی ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی و شۆڕشگێڕیی بۆ تاکەکان بە پاساوی هێنانە کایەی خولیا و ویستی نوێ (أفاق العربية، ١٩٨٧: ٢٥-٥/٢٦)، سەرۆکیش وەک یەکەم فەرماندە و حاکمی وڵات سەرۆکایەتی و رووداوسازی دەکات تا گەورەی خۆی و بچووکی جەماوەرکەی نیشان بدات.( الثورة و التنضیم، ١٩٨٧: ١٩-٢٤)

بەعس وەک هێزە مارکسییەکان بەرنامەیەکی سیاسیی و ئابووری دارێژراوو نەگۆڕی نەبوو، بە

پێچەوانەی کۆمۆنیزمەوە بواری مانۆڕو گۆڕانی خێراو پێچکردنەوەی گەورەی دەدا، پێیان وابوو ڕێگەی چاکسازی مانۆڕێکی هێواش و درێژخایەنە و هەلی ڕەخساو لە باردەبات، پێیوابوو نا بێت دەرفەتەکان لە دەست بدرێن و دەبێت بە خێرایی بقۆزرێنەوە، بەم هۆیەوە لە دوو ئەزموونی ناچوونیەکدا لە عێراقدا ئەنجامدا، کە تیایدا لە ڕێگەی پروپاگەندەوە وەک ئاڵاهەڵگرو پێشڕەوی شۆڕشی عەرەب خۆی ناساند (دای. ولیامس، ٢٠١٦: ٥٤)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەعس لە پاش ساڵی ١٩٦٨ پاشەکشەی لەو تێگەیشتنە فراوانەی شۆڕش کردووە کە لە ئاستێکی سەرتاسەریی عەرەبیدا ئەنجام بدرێت، بەڵکو چەمکی کودەتاگەریی گۆڕیوە بە (ڕاپەڕین)، ئەمەش لە کۆنگرەی هەشتەم لە ساڵی ١٩٧٤ بە ئاشکرا ڕەنگیدایەوە، بەوەی ڕایانگەیاند: "حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست، کە حیزبی شۆڕشی عەرەبە لەو شوێنەی بوونی هەیە، لە فۆرمی بەهەڵستکار یان دەسەڵاتدار، ئامانجی سەرەکی سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی عەرەبییە بۆ بەدیهێنانی یەکێتی، ئازادی و سۆسیالیزم، بەڵام ستراتیژی پراکتیکی حزب لە ئێستادا ئەوەیە، کە ڕاپەرینێک لە بەشێکی نیشتمانی عەرەبدا بەرپا بکات". (المناهج الثقافی المرکزی، المصدر نفسه: ٢٥-٢٩)

(حشع) بەردەوام لەبەرانبەر بەعسیی و هێزە ڕادکاڵیەکاندا لە پاشەکشەدا بوو، ئەویش بەهۆی دروستبوونی ململانێی سیاسیی و ئایدۆلۆژییاکانی نێوان چین و سۆڤیەت، کە بوونە هۆی گۆڕان لە ڕێبازی چەپڕەوی، ئاڕاستە نوێیە خۆی لە پرەنسیپی خەباتی پارتیزانیی و دوورکەوتنەوە لە چەپی کلاسیکیی وابەستەی سۆڤیەت (براند، ١٣٦٢: ٣٤)، هاوکات ناکۆکی و پەرتبوونی چەپەکان سەریهەڵدا، بەشێک لەو بزاڤە کەوتنە ژێر کاریگەریی چین و بیروبۆچوونەکانی ڕێبازی ماویزم (دامس، ١٣٨٧: ٢٧٥)، ڕێکخراوە چەپە کلاسیکییەکانی وەک (حشع) لە دۆخێکی چەق بەستوودا بوون و خاوەنی ناسنامەیەکی سیاسیی و فیکریی سەربەخۆ نەبوون بەمەش بەرنامەی مارکسیستی کلاسیکیی پاشەکشەی کرد، لایەنگرانی ڕێکخراوە نەتەوەییەکان برەویان سەند. (پویان، ١٣٤٩: ٥١)

بە ڕووانین لە چەمکی کۆدەتاگەریی، تێگەیشتنێکی دیماگۆجییانە لە تێڕوانینی بەعسییزمدا بەدی دەکرێت، بەو پێیەی حیزبەکە هەر لە دامەزراندنییەوە دەستەواژەی گەل ی وەک سەرچاوەی دەسەڵات بەکارهێنا، واتە گەل شێوازی دەسەڵاتداریتی دیاری دەکات، ئەمەش پێچەوانەی پێناوی کۆدەتاگەرییە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، لە بەرانبەردا دیکتاتۆری بووە سیمای دەسەڵاتداریتی حیزبەکە، بەمەش مانایەک بۆ دەسەڵاتداریتی گەل و هەڵبژاردنەکانی نەمایەوە و خواستی دیکتاتۆریی بەسەر بەهاو خەسڵەتە مرۆییەکانەوە زاڵبوو.

## ئەنجام

١- حیزبی شیوعی عێراق؛ لە رووی فیکریی و فەلسەفییەوە پشت ئەستوورە بە بنەما تیۆرییەکانی مارکسیزم و مانفێستی کۆمۆنیزم، کە بە ئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی یەکسانی نا چینایەتیی، پەیڕەوی لە ئەندێشەی سۆسیالیزمی کردووە؛ لەم رووانگەیەوە خۆی بە تاکە میراتگری بزاڤی چەپ و مارکسییتەکانی عێراق دەزانی، لەو پێناوەدا بەشدارییەکی بەرچاوی لە قۆناغە جیاوازەکانی نێو پرۆسەی سیاسی عێراق هەبووە. لە بەرانبەردا حیزبی بەعس و ئایدۆلۆژیاکەی؛ لە ڕووی مێژووییەوە زادەی بنەما کولتووریی، سیاسیی و فەرهەنگیی نەتەوەی عەرەبە، کە وەک پەرچەکردارێکی فیکریی و نەتەوەیی دژ بە دەسەڵاتی ناعەرەب و پەیڕەوی سیاسیی و ڕەگەزییان چێ بوو، خۆی بە نمایندەی بزاڤی ناسیۆنالیزم و میراتگری نەتەوەیی عەرەبی ناساند بوو، بۆیە بە ڕوانیین لە جیاوازیی بیرو ئایدیا فیکرییەکانی هەردوولا و ئەو جیاوازییە بەرچاوەی لەنێوان بیری کۆمۆنیزمی شیوعیی و ناسیۆنالیستی بەعسیزمدا هەبوو کەوتە ململانێییەکی فیکریی، سیاسیی و ئایدۆلۆژیی قوڵ.

٢- (حشع) پشتبەست بە تیۆری مارکس – لینین، بیری (نێونەتەوەیی) لە پێناو یەکگرتنی سەرتاسەری چینی کرێکاراندا پەسەند کردووە، لەم ڕووانگەیەوە جوڵانەوەی پرۆلیتاریی، بە مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی جوڵانەوەیەکی کۆمۆنیزمییانەی نێو نەتەوەیی دادەنا، لەم بۆچوونەوە (حشع) سەرگەرمی بارهێنانی کرێکاران و جووتیاران بوو بە گیانی برایەتیی، لە بەرانبەردا بەعسیزم کە خاوەن میتۆدێکی ناسیۆنالیستی نەژادپەرست بوو، وەک حیزبێکی ناسیۆنالیستی شۆڕشگێر خۆی ناساند، کە باوەڕی بە ئامانجە بنچینەییەکانی ژیانەوەی نەتەوەی عەرەب هەیە، بە ئامانجی بونیادنانی دەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتوو، بۆیە یەکێتی ئینتەرناسیۆنالیزمی گۆڕی بۆ یەکێتی نەتەوەیی، بە چەسپاندنی دروشمی تەنها یەک نەتەوەی عەرەب بەعس بە ڕەتکردنەوەی ئینتەرناسیۆنالیزم، بیری ناسیۆنالیزمی وەک لایەنی دژبەری کۆمۆنیزمی نێونەتەوەیی دەبینی.

٣- (حشع) وەک حیزبێکی مارکسیی، سۆسیالیزمی کردبوویە سەرەکیترین ئامانجە بنەڕەتییەکانی، هەربۆیە بە ئومێدی وەرچەرخانی عێراق بە قازانجی سۆسیالیزم، نیمچە سەرمایەداریی و قۆرغکاریی مەزنە کۆمپانیا مۆنۆپۆلییەکانەوە ڕەتکردۆتەوە، لەو چوارچێوەیەدا ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئابووریی لە گۆشەنیگای سۆسیالیزمییەوە کردە مەرجی سەرەکی و کۆتایی. بەڵام بەعسیزم بەشێک لە ئایدۆلۆژیای سۆسیال- ناسیۆنالیزمیان بەتێکەڵکردن لەگەڵ ڕۆحی نەتەوەی عەرەبدا ئەو شێوە سۆسیالیزمەی قبوڵ بوو، کە تایبەتمەندێتی نەتەوەی عەرەب لەبەرچاو بگرێت هەر بۆیە سۆسیالسیزمی زانستییان ڕەتکردەوە کە لەسەر بنەمای هەڵوەشاندنەوەی موڵکایەتی تایبەت وەستابوو، لەنێو باری ئەم ناکۆکییەدا لە وڵاتێکی وەك عێراقدا سۆسیالیزم وەک پێناوێک تەنها لە چوارچێوەیەکی تیۆرییدا مایەوە، هەر بۆیە سۆسیالیزمی زانستی یان عەرەبی، بە ڕوانین بۆ دۆزی نەتەوەیی عەرەب و تایبەتمەندییەکانی عێراق یەکێتییەکی سۆسیال ناسیۆنالی لەو چەشنەیان پەسەند نەکرا.

٤- لە رووی ئایدیالییەوە؛ (حشع) ئاینی لە تێڕوانینێکی ماتریالیستی مێژوویی و دیالێکیتی لێکدەدایەوە، ئەگەرچی بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەرێتی ئایین لە ژیانی کۆمەڵگەدا هەیە، وای لە (حشع) کرد لە بەرانبەر پان ئیسلامیزمیدا هێورو لەسەرخۆ بێت، بەڵام بەو پێودانگەی ئاینی ئیسلام بە زمانی عەرەبی و لە ناو عەرەبدا هاتووەتە خوار، کاریگەری لەسەر پێکهاتەی رۆحی و کولتووری عەرەب هەبوو، بەعسیزم خەسڵەتی ئیسلامی وەك باشترین پێناوێک دەبینی، کە ئامانجی پێکهێنانی یەکێتی رۆحییە، وەک دیاردەیەکی شارستانی نەک ئایدۆلۆژییایەکی رۆحی بەعسیزم سیاسەتێکی دژە بەیەکی پیادەکردووە، لەلایەک بانگەشەیەکی نائاینی دەکرد، لەلایەکی دی ئاینی وەک کارتێکی فشار دژ بە (حشع) و لە هەمان کاتدا سوود لێبینینی .

٥- ناکۆکییەکی بنچینەی لە تێگەیشتنی بنەماکانی ئازادی لە نێوان (حشع) و بەعسدا هەبوو، لە بنەڕەتدا (حشع) بە ناوەندیکردنی دیموکراسیی و ئازادیی لە دیدە مارکسییەکانەوە وەک هۆیەک خەباتی چینایەتی و گۆڕینی بنەما ئابوورییەکان لێکدەدەیەوە، بەو واتایەی داکۆکی لە ئازادییەکانی چینە چەوساوەکان دەکات، بەڵام بەعسیزم ئازادی لە چوارچێوەی ململانێی ئابووریانەی چینێکی دیاریکراودا نەدەبینی، چونکە لە تێڕوانینی بەعسدا چین ئەوانە بوون کە لە پاڵ حیزبەکەدا بەشداری سیاسییان هەبووایە، بەعس داکۆکی لە ئابووری سەربەخۆی چینێکی دیاریکراو نەدەکرد، بەڵکو پشتگیریی لە مۆنۆپۆڵ و دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن دەوڵەتەوە دەکرد.

٦- لە دیدی مارکسدا مەسەلەی نەتەوەی لە روانگەی دیالێکتیکی ماتریالیزمی مێژووییەوە لێکدراوەتەوە لەم رووەوە (حشع) وەک هێزێکی کۆمۆنیستی، لە سەرەتاوە مافی چارەی خۆنووسینی لە چوارچێوەی کارنامە تیۆرییەکەیدا باس کردووە مافی چارەی خۆنووسینی وەک رێگەی رزگاری بۆ گەلی کورد پەسەندکردووە، بەڵام حیزبی بەعس لە روانگەی سۆسیالیستیانەوە بانگەشەی یەکسانی نێوان نەتەوەکانی لە چوارچێوەی بەدەنگەوە هاتنێکی دڵسۆزانە بۆ نەتەوەی عەرەب دەدەی، بۆیە بەعسیزم دەیانویست گەلانی ناعەرەب لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا لە قاڵب بدات.

٧- (حشع) لە پیادەکردنی تیۆری شۆڕشگێڕییدا، هاوشێوەی بزوتنەوەیەکی رادیکال دەرنەکەوتووە، تا ئەندازەیەک نەرم و دژ بە توندوتیژیی بووە، پاڵشتی شێوەی خەباتی مەدەنییانەی دوور لە زەبرو زەنگ، بۆیە شۆڕش لە روانگەی (حشع)ەوە بەستراوەتەوە بە ریفۆرم، ئەویش لەو بۆچوونەی کە شۆڕش بە تێگەیشتنە ستالینییەکەی مانای گەشەی ئابووری نیشتمانیی دەدا، هاوکات حیزبی بەعس چەمکی شۆڕشی وەک دروشمی سەرەکی و دانەبڕاو لە چوارچێوەی پەیامی نەمری عەرەب لێکداوەتەوە، بەو واتایەی شۆڕشی وەک ناسنامەی خۆی ناساندووە، لێرەشەوە شەرعییەتی بە کۆدەتا و بەکارهێنانی توندوتیژی داوە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بەم هۆیەوە بکەری سەرەکی دوو کۆدەتای سەرەکیی بووە لە عێراقدا.

# سەرچاوەکان

**كتێب:**


- ئابڵاخی، ئەحمەد محەمەد (٢٠١٧): لە پێناو چەپدا، چ ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- الندوی، ابو الحسن علی الحسنی (١٣٨٩): العرب و الاسلام، المکتب الاسلامی، ط٢، برقیا، دمشق.
- ماندل، ارنست (١٩٧٤): مدخل الى الاشتراکیة العلمیة، ط١، الیسار الثوری.
- أکرم الحورانی یحاور نفسه، رأی ألاستاز اکرم الحورانی فی الوحدة العربیة، منشورات الطلیعة، تونس، ١٩٨٧.
- فرح، إلیاس (١٩٧٥): (تطور الایدیولوجیة العربیة الثوریة الفکر القومي)، ط٥، المؤ سسة العربیة لمدراسات والنشر، بیروت.
- فاضل، امجد (٢٠٠٣): دراسة فی التاریخ الحرکة الیساریة العراقیة، ج٢، دار النهضه العربیة، بغداد.
- پویان، امیر پرویز (١٣٤٩): چرورە مبارزە ای مسلحانە در تئوری بقاء، انتشارات سازمان چریکهای فیدائی خلق، تهران.
- بالحسنی، اقر (١٩٨٣): المؤتمر الاول للحزب الشیوعی السوفیتی، ج١، ط ٣، دار کیفیدیا، موسکو.
- سەیاب، بەدر شاکر (٢٠٢١): بەڵێ من شیوعی بووم، کتێبی رەشی شیوعیەت، چ٢، و.فەیسەل خەلیل،ماڵی وەفایی، هەولێر.
- الیوزبیکی، توفیق سلطان و اخرون: دراسات فی الوطن العربی الحرکات الثوریة و السیاسیة، ب.م.ط.
- الشریف، جمال فاروق (٢٠٠١): الوحدة العربیة و التحدیات الراهنة، دراسات فی القومیة العربیة، الطلیعة العربیة، تونس.
- حداد، جورج (١٩٧٦): الأممیة والثورة العربیة، دار الهدف، بیروت.
- بولیترس، و کافین، جورج و جی بیس موریس: أصول الفلسفة المارکسة، ج٢، مکتبة العصریة، بیروت، ب.س.ن.
- بولیترز، جورج وآخرون: أصول الفمسفة المارکسیة، ج١، ت. شعبان بر کات، المکتبة العصریة، بیروت.
- طرابیشی، جورج (١٩٦٠): الإستراتیجیة الطبقیة لمثورة، دار الطمیعة، بیروت.
- تەرابیشی، جۆرج (٢٠١٠): مۆدێرنیزەو راسیزم، و.شوان ئەحمەد، هەولێر.
- نەبەز، جەمال (١٩٨٤): بیری نەتەوەیی کوردی نە بیری قەومیەتی رۆژهەڵاتی و نە بیری ناسیۆمالیستی رۆژئاواییە، ستۆکۆلهم، سوید.
- نەبەز، جەمال (٢٠٠١): هەندێك لە کێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم، چ٢، بڵاوکراوەی رۆژنامەی میدیا، هەولێر.

- العلوى هادى (١٩٨٨): التأثيرات التركية في المشروع القومي العربي في العراق، دار الزوراء، لندن.
- طوالبة، حسن محمد (١٩٨١): البعث و عهد البطولة الجديد، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت.
- سەرکانی، خەلیل (٢٠٠٩): ئەنفال لە یادەوەری پێشمەرگەیەکدا، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- الاتاسى، جمال (١٩٩٩): الاشتراكية بين ماضيها و مستقبلها، البعث و ألاشتراكية، منشورات الطليعة، تونس.
- عەلی، جەعفەر (٢٠١٣): ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چ ٤، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
- حمادى، سعدون (١٩٨٧): الوحدة العربية و التجزيئة و الحرب، منشورات الطليعة، تونس، ١٩٨٧.
- حبيب و الداودى، كاظم ود و زهدى(٢٠٠٣): فهد و الحركة الوطنية فى العراق، ط ١، دار الكنوز العربية، بيروت.
- الرحيلى، محمود بن أحمد (٢٠٠٣): الشيوعية و الموقف الاسلام منها، ط ١، مكتبة العلوم و الحكم، المدينة المنورة، السعودية.
- الرزاز، د.منيف (١٩٨٩):الوحدة العربية هل لها من سبيل؟، منشورات الطليعة، بغداد.
- الموصلى، د.مونذر (٢٠٠٢): نضال البعث فى سبيل حل سلمى ديمقراطى للقضيه الكردية، دار الطليعة، تونس.
- وليامس، داى (٢٠١٦): في التجربة البعثية الثورية في العراق، ت.أحمد كاصد النعيمى، ط١، دار الفرات، بغداد.
- براند، رمزى (١٣٦٢): ماركسزم ماويى در چين، چ٥، چ٢، ب.ج.
- اسكندر، سعد بشير (٢٠٠٤): الكرد الفيليون و حزب البعث ١٩٦٣ - ٢٠٠٣، من منشورات مكت الفكر و التوعية الاتحاد الوطنى الكردستانى، سليمانيه.
- الغامدى، سعد بن ناصر: حزب البعث تأريخ و عقائيدة، فريق مكتبة الالكترونية، شبكة المعالى الاعلامية، ب.س.
- عبد، ابراهيم (١٩٥٤): دستور حزب البعث العربى الاشتراكى، منشورات البعث العربى الاشتراكى.
- عثمان، سعد محمد (١٩٨١): الاسس النظرية للتطبيق الاشتراكي ومكامن خصوصيتها القومية في منظور حزب البعث العربي االشتراكي، دار الحرية للطباعة، بغداد.
- مطر، سليم (٢٠٠٨): الذات الجريحة، ط٤، مركز دراسات الامة العراقية، بغداد.
- (فرحان)، سليمان (١٩٩١): يوميان بغداد الرية، التأريخ السرى لحزب البعث، ط١، الزهراء للاعلام العربية، القاهره.
- مستەفا، سۆزان کەریم (٢٠٠٧): بەعسیزم و کورد ١٩٤٧ - ١٩٧٥، چ١، دەزگای چاپ ویەخشی حەمدی، سلێمانی.

- يسين، السيد و مجموعه من المؤلفين (١٩٨٧): الفكر القومى العربى أراء و المواقف ١٩٤٥-١٩٦٤، منشورات الطليعة العربية.
- عەبدوڵڵا، سەلام (٢٠٢٢): بیری فاشیستی بەعس و جینۆسایدی گەلی کورد، (کۆمەڵە وتار ٢٠٠١-٢٠٠٦)، چ ١، وەشانی ژنەفتن، هەولێر.
- العيسمى، شبلى (١٩٧٥): فى الثورة العربية، ط٥، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت.
- العيسمى، شبلى (١٩٨٦): العلمانية و الدولة الدينية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
- جحا، شفيق: (٢٠٠٤): الحركة العربية السرية (جماعة الكتاب ألاحمر) ١٩٣٥ – ١٩٤٥، ط١، مطبعة بيروت، لبنان.
- كرمانج، شيركو (٢٠١٥): الهوية و ألامة فى العراق، دار الساقى، بيروت.
- سلمان، صباح (١٩٨٧): فى الاشتراكية، ط١، منشورات الثورة، بغداد.
- حسين، صدام (١٩٨٩): سۆسیالیست، ب١، چ١، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن، دار الحرية للطباعة، بغداد.
- حسين، صدام (١٩٨٩): دیموکراتی یەت، ب ٢، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن، بەغداد، ١٩٨٩.
- العقاد و عطار، عباس محمود و أحمد عبدالغفور (١٩٧٢): الشيوعية و الاسلام، ط٢، مطابع دار الاندلس، بيروت.
- العقاد، عباس محمود (٢٠١٣): أفيون الشعوب، مؤسسة هنداوى للتعليم و الثقافة، مصر.
- الحسنى، عبد الرزاق (١٩٧٤): تاريخ الوزارات العراقية، ج٦، ط٤، دار الكتب، بيروت.
- العزاوى، عبدالقادر صالح (٢٠٠٠): نضال الوحدة ووحدة نضال فى فكر حزب البعث، منشورات الطليعة، تونس.
- القوطالى، عزالدين بن حسين (٢٠٠٨): حديث البعث العربى ألاشتراكى، منشورات دنيا الوطن، تونس.
- جاسم، عزيز السيد (١٩٨٧): البعث حزب الثورة العربية، منشورات الطليعة العربية، تونس.
- السقاف، علوى بن عبدالقادر (٢٠٢١): موسوعة المزاهب الفكرية المعاصرة، سلوكيات و مبادئ حزب البعث العراقى، الدار السنية.
- فاضل البراك، تحالفات الاضداد، ط٢، الدار العربية، بغداد، ١٩٨٧.
- ئەسەسەرد، فەرەيد (٢٠٠٣): ئاین و مەسەلەکانی دیموکراسی و ئینتەرناسیۆنالیزم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی.
- ڤ.ا.لينين: الاستعمار أعلى مراحل الرأسمالة، ت.د.راشد البراوى، ط٢، مكتبة النهضة المصرية، ب.س.ن.
- كالتاخشتان: نظرية الامة فى الماركسية اللينينية، دار التقدم، موسكو، ١٩٨٨.

- مقصود، کلوفیس (١٩٨٨): نحو الاشتراکیة عربیة، ط٢، دار منیمة للطباعة و النشر،بیروت.
- دامس، کولن (١٣٨٧): نخش ماوی در ایران، ت.نادر یۆفی، چ٢، انتشارات باز، تهران.
- العباسی، محمد ا(١٩٩٢): حزب البعث (التأریخ، الفکر، التطبیق)، ط١، دار الوساس للطباعة و النشر، قاهره.
- الخوری، محمد بشار (١٩٩٨): البعث و المحنة، الرعاق من ١٩٦٨- الی ١٩٧٩، ط٣، دار الرازی، الریاض.
- البدری، محمد جمال (٢٠٠٨): الصراح من أجل الصراع، ج ١، ط ٣، دار المیزان، دمشق.
- رمضان، محمد (١٩٩٧): ماذا یجب أن یعرف عن البعث، دراسة نظریة لتعلیقات عفلق، ط٣، دار الثقافة العربیة، بیروت.
- الدلیمی، محمد نجاة (١٩٧٨): تقری السیاسی حول المسالّه الکردیة (المواقف و إنجازات)، مطبعة وزارة الثقافة، بغداد.
- شفیق، منیر (١٩٧٢): المارکسیة اللینینیة و الثورة المسلحة، دار الطمیعة، بیروت.
- کورانفورث، موریس: (١٩٩٩)، مدخل الی المادیة الجدلیة، ت.محمد مستجیر، ط١، دار الفارابی.
- عفلق، میشل (١٩٧٣): معرکة المصیر الواحد، ط ٥، المؤسسة العربیة للدراسات و النشر، بیروت.
- عفلق، میشل (١٩٧٣)، المؤسس والقائد الفكري والعلمي، الحلقة ٣، المجلد ٣، بیان الحزب البعثي العربي الاشتراكي.
- القوتلی، ناصر (١٩٨٨): في ثقافة الحزب العربي الاشتراكي البعثي، ج٦، ط٢، دار الطلیعة، تونس.
- الفکیکی، هانی (١٩٩٧): أوکار الهزیمة، تجربتی فی حزب البعث العربی العراقی، ط ٢، ریاض الرئیس للکتب و النشر، بریطانیا.
- دافییس، هوارسن (١٩٧٢): القومیة الاشتراکیة النضریات المارکسیة و العالمیة حول القومیة حتی عام ١٩١٧، ط١، دار الحقیقة، بیروت.
- عیسا، ئەلبێرت (٢٠٠٨): ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بۆ عێراقی سەردەمی فاشیزم، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- مینە، ئەمین قادر (٢٠١٢): ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.

**بڵاوکراوەی حیزبی:**

- إعلان لجنة مناهضة الاستعمار والإنتاج، حول الأحداث الأخيرة في قبائل الفرات الأوسط، (سري للغاية)، تموز ١٩٣٥.
- البعث و نضال الطبقة العاملة، الجزء الثانی (١٩٥١-١٩٥٦)، ط١، دار الطلیعة للطبتعة و النشر، بیروت، اب ١٩٧٥.
- الثورة و التنضیم، حزب البعث العربی ألاشتراکی القیادة القومیة، منشورات الطلیعة العربیة،

تونس، ١٩٨٧.
- الحركة الشيوعية فى العراق و أسباب الفشل، ج٢، دار الفكر العربية، بيروت، ١٩٩٢.
- حزب البعث العربي االشتراكي، القيادة القومية، مكتب الثقافة والاعلام، المناهج الثقافي المركزي، الكتاب الثالث، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٨.
- حزب البعث العربى الاشتراكى القيادة القومية، المكتب الثقافى، بهعض المنطلقات النظرية التى أقرها المؤتمر القومى السادس فى تشرين الاول ١٩٦٣، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٢.
- حيزبى شيوعى عێراق و مەسەلەى كورد، چ ١، لە بەڵگەنامەكانى حيزبى شيوعى عێراق، ١٩٨١.
- دستور الحزب البعث العربى ألاشتراكى، اللجنة الاعلامية الوطنية لدعم العراق – هولندا، حزب البعث العربى ألاشتراكى – القيادة القومية، ب.س.
- الدين و قضاياه الدينيه فى فكر حزب البعث العربى الاشتراكى، منظمة الطليعة العربية، تونس، ٢٠١٣.
- مسألة الاقليات القومية فى الوطن العربى، ج٢، مطابع دار الثورة، بغداد، ١٩٨٠.
- الصراع بين النظرية الماركسية و القوميه العربية، نزاعات بين الحزب الشيوعي وحزب البعث العربي الاشتراكي في العراق، في منشورات مركز مارون، بيروت، نيسان ٢٠٠٩.
- نضال البعث: المؤتمرات القومية السبعة ألاولى ١٩٤٧-١٩٦٤، ج٤، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧١.

**ماستەرنامە و دكتۆرا:**
- عروبة جبار الخزرجى: العلاقة بين العروبة و الاسلام فى فكر البعث العربى الاشتراكى، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلة العلوم السياسية – جامعة بغداد، ١٩٩٩.
- الخزاعى، مناف جاسم محمد على (٢٠١٦): صراع البعثى – الشيوعى فى العراق (١٩٤٧-١٩٦٨)، أطروحة دكتوراه (المنشورة)، كلية الأداب، قسم التأريخ، جامعة ذى قار.

**گۆڤار و رۆژنامە:**
- بطرس، بهنام (١٩٧٠): لينين و الشباب، الثقافة الجديدة (مجلة)، العدد (١٣).
- الحافض، د.صفاء (١٩٧٠): حول مفهوم الحوكم الزاتى و تطبيقاته فى العراق، الثقافة الجديدة (مجلة)، العدد (١٥).
- رەش، كاكە (كانوونى يەكەمى ١٩٩٤): فاشيزم يان بەعسيزم؟ سەرەتايەك دەربارەى گيروگرفتى ميتۆدى لێكۆڵينەوەى بەعسيزم، يەكگرتن (گۆڤار)، ژ (١٤)،
- عبدالرضا، ماجد (تشرين الثانى ١٩٦٩): أضواء على القضية الكردية، الثقافة الجديدة (مجلة)، العدد (٨).
- مصطفى، فضلون محمد محمد (يونيو ٢٠٢١): الشيوعية و موقفها من الاديان، مجلة كلية الدراسات الاسلامية للبنين، العدد (٤).
- زاوى و مياد (أكتوبر ٢٠٢٠): المدرسة الماركسية ز تفسيرها للضاهرة التاريخية، مجلة رؤى تأريخية

للأبحاث و الدراسات المتوسطة، المجلد الأول، العدد (٢).

- عەلی، بەختیار (١٩٩٧): لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشکردن (لێکۆڵینەوەیەک لەسەرچاوەکانی ئەنفالدا)، رەهەند (گۆڤار)، ژ. (٧).
- بیانکو، جینو (١ نوفمبر ١٩٧٩): الشیوعیة الأوروبیة، أفاق العربیة (مجلة)ن العدد (١١).
- دیمترۆڤ: (نیشتمان پەروەری و ئوممیەت)، ئازادی (رۆژنامە)، ژمارە (٣)، ١٧ی ئایاری ١٩٥٧.
- عامر عبدالله: أراء فی حرکة المقاومة و القضیة الفلسطینیة، الثقافة الجدیدة (مجلة)، العدد (١٥)، تموز ١٩٧٠.
- هول، غاس (حزیران ١٩٧٠): الانعطاف الحادیة فی التاریخ و ازمة الامپریالیة، ت.عبدالرزاق الصافی، الثقافة الجدیدة (مجلة)، العدد (١٤).
- لە نێوان خاچی چەماوەی نازی و داڵی باڵشکاوی بەعسدا، کۆمەڵە (گۆڤار)، ژ (٢)، خولی سێیەم، شوباتی ١٩٨٥.
- م.جعفری: دیکتاتوری پرولتاریا، نورمگز (روزنامە)، شمارە (٣٩)، ابان ١٣٤٥.
- بارییە، مۆریس بارییە (شوباتی ٢٠٠٦): تۆتالیتاریزم و رەتکردنەوەی مۆدێرنەی سیاسی، و. رێبین هەردی، سەردەم (گۆڤار)، ژ. (٤٣)، ساڵی شەشەم.
- قانع، مەریوان وریا (٢٠٠٣): عەلمانیەت و ئایین، چەند سەرنجێک لەسەر مانا گشتییەکانی پەیوەندی نێوان ئایین و عەلمانیەت، رەهەند (گۆڤار)، ١. (١٤،١٥).
- عبدالعزیز، هۆشیاری (١٥ ئادار تا حوزەیرانی ٢٠٠٠): ئەنفال لە گوتاری مەرگ و غەریزەی خنکاندندا، بیری نوێ (گۆڤار)، ژ (٢٥-٢٦).
- سەعید، هیوا عەزیز (حوزەیرانی ٢٠٠٧): سۆسیال – ناسیۆنالیزمی بەعس (خوێندنەوەیەک لە مێژوو و پێکهاتەی بیری سیاسی بەعسیزم لە عێراق)، زانکۆی سلێمانی (گۆڤار)، بەشی B، ژ (٢٠).
- أبو فاشە، وسیم (٢٠١٩): مفهوم مارکس للحریة، تبیین (مجلة)، العدد (٢٩/٨).

**ماڵپەر:**

- جاسم محمد کاظم: الاختلاف التنظیمي بین حزب البعث والحزب الشیوعي ..لماذا نجح البعث وفشلنا ؟، الحوار المتمدن، العدد (٥٥٧٥)، ٨- ٧- ٢٠١٧،
https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=٥٦٤٧٢٧
- ئاوات محەمەد ئەمین: حزبی بەعس و پرۆسەی پاکتاوی رەگەزیی کورد لە عیراقدا، ترانسکولتوور، پێنج شەممە، ٢٠ ئایاری ٢٠٢٢،
https://www.dabran.org/Dreje.aspx?jimare=1089&paiwandidar=2
https://www.emrro.com/komonizimjiyanu